Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.3.5

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Kamaran Aba-bakr Khudhur Khoshnaw
kamaran.khudhir@hmu.edu.krd
kamaran88khudhur@gmail.com

# شێواز و تەکنیک و بنەماکانی گوتار گوتارەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی (9) بە نموونە

**کامەران ئەبابەکر خضر خۆشـــــناو**/ بەشی کیمیایی ژیانی کلینکی، کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان، زانکۆی هەولێری پزیشکی- هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق.

**لوقمان قادر عەبدولڕەحمان ڕواندزی**/ بەشی چارەسەری سروشتی، کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان، زانکۆی هەولێری پزیشکی- هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق.

RECEIVED :10 /04/2025
ACCEPTED :23/06/ 2025
PUBLISHED :15/06/2026

**وشە سەرەکییەکان:**

گوتار،
شـــێواز،
سەرۆکی حکومەت،
گوتاری سیاسیی،
گوتاری پەروەردەیی،

## پوختە

لە دیدگەی ئەوەی زمان کەرەسەی سەرەکی ئەدەبە، ئەوە پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵ لە نێوان بابەتە زمانەوانیی و ئەدەبییەکاندا هەیە، بۆیە گوتار وەکو هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەب، خاوەن ئەدگار و بنەما و شێوازی تایبەت بە خۆیەتی، بوارێکی هەستیار و کاریگەرە لە ئاراستەکردن و پیشاندانی ڕەوتی هەر کۆمەڵگایەک، لە ڕووی هەبوونەوە ژانری گوتار مێژوویەکی دێرینی هەیە، بە مەستی ڕوونکردنەوە و کاریگەری و ئاراستەکردنی ئەوانی دیکە پێشکەشکراوە، ئەمەش وایکردووە ئەم ژانرە بە زیندویی بمێنێەوە پەلبهاوێت بۆ تەواوی بوارەکانی ژیان، لەوێش بەهۆی بەرەو پێچوونی ژیار پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینووە، شێواز و تەکنیکی جۆراوجۆریش بۆ پێشکەشکردنی سەریهەڵدا، لە سادەترین پێناسەشدا؛ گوتار خستنەڕووی بیرێکی تایبەتە، بەهۆی وشە و دەربڕین بۆ بابەتێکی دیاریکراو. لەم دیدگەیەوە بەشێک لە گوتارەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە کابینەی (9)دا پێشکەشیکردوون، بە میتۆدی (شیکردنەوەی گوتار) شرۆڤەدەکەین، بە ئامانجی دەرخستنی شارەزایی و توانایی و لێهاتووییان لە کایەی گوتارداندا، بۆیە توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لە بەشی یەکەم تیۆرییە؛ بە ناونیشانی (شێواز و تەکنیک و بنەماکانی گوتاردان)، کە تایبەتە بە باسکردنی چەمک و پێناسەی گوتار، بنەما و پێکهاتەی گوتار و گوتاربێژ و تایبەمەتمەندییەکانی، ڕۆڵی زمانی جەستە لە گوتارداندا، لە بەشی دووەمیش بە ناونیشانی (شرۆڤەکردنی چەند گوتارێکی (سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە کابینەی (نۆیەم)ە، کە تیایدا (4 گوتاری)ی سەرۆکی حکومەت بەپێی پێکهاتە و مەبەست و شێواز و تەکنیکەکانی گوتاردان شرۆڤەکراون، کە دواتر گەیشتن بەوەی گوتارەکانی ئامانج و مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە، زیاتر لە بواری هاندان و پێشکەوتن و پێشخستنی کەرتی (ئابووری، پەروەردە، چاکسازی، دەوڵەتداری، تاد...)ین، زمانێکی ڕوون و ڕەوان و ڕاشکاو لە گوتارەکاندا بەدیدەکرێت، هەموو کەس لە هەر چینێکدا بێت، بە ئاسانی تێیدەگات، هاوتا لەگەڵ زمانی قسەکردندا زمانی جەستەش بەکاردێنێت، ئەمەش وایکردوە: گوتارەکانی سەرنجڕاکێشتر و کاریگەتر بن، بەگشتی گوتارەکانی نەرم و پڕ سۆزن، کە گوێگران لە پاڵییدا هەست بە ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی دەکەن.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 0. پێشەکی:

### 0. 1: ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شێواز و تەکنیک و بنەماکانی گوتار، گوتارەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی (9) بەنموونە).

### 0. 2: گرنگی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا بە وردی تیشک خراوەتە سەر ژانری گوتار و شێواز و بنەما و تەکنیکەکانی ڕوونکراوەتەوە، دواتر لە گوتارەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی (9)دا، ئەم بابەتە پراکتیک کراوە و تەکنیک و شێوازەکانی گوتاری تێدا دەستنیشانکراوە.

### 0. 3: هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتی توێژینەوەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، لە لایەک بۆ کاریگەری ئەم ژانرە (گوتار) لەسەر ئاراستەکردنی تاک و ڕەوتی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، لە لایەکی دیکە تاکو ئێستاکە توێژینەوەیەکی زانستیی لەسەر شێواز و چۆنییەتی گوتارەکانی سەرۆک وەزیرانی کابینەی (9) پێشکەش نەکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە توێژینەکەدا نموونەی گوتاری جۆراوجۆر وەک: گوتاری سیاسیی، پەروەردەیی و زانستی و ئابووریی، ... وەرگیراون، بۆ ئەوەی پەی بە زۆرینەی شێواز و تەکنیکەکانی گوتاربێژ (سەرۆک وەزیران) بەرین.

### 0. 4: ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە: بەپێی تەکنیک و بنەماکانی گوتار، شێواز و تەکنیک و چۆنییەتی گوتاردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی (9)دا شرۆڤەبکات.

### ٠. ٥: میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا سوود لە (میتۆدی شیکردنەوەی گوتار و شێوازگەریی)ی وەرگیراوە.

### 0. 6: پرسیاری توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەک بۆ ئەوە ئەنجام دەدرێت؛ کە چارەسەر بۆ گرفتێک بدۆزێتەوە، یاخود لایەنە نەزانراوەکانی بابەتێک ئاشکرابکات، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات؛ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

- هۆکارەکانی سەرکەوتنی گوتاربێژ چین؟
- ئایا بەکارهێنانی زمان لە جۆرەکانی گوتاردا جیاوازە؟ چون؟ بوچی؟
- گرنگترین ئەو تەکنیک و شیوازانە چین کە لە گوتارەکانی سەرۆکی حکومەت ڕەنگیداوەتەوە؟
- ئایا گوتارەکان لە بنەماکانی گوتار لایانداوە؟
- خاڵی سەرکەوتنی ئەو گوتارانە چین؟

### 0. 7: سنووری توێژینەوەکە:

سنووری ئەم توێژینەوەیە لە دەوری ژانری گوتاردایە، لە شێواز و تەکنیکەکانی گوتار دەدوێت، لەوێش بەشێک گوتارەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی (9)دا دەکاتە چەقی توێژینەوەکە.

### 0. 8: پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە و پێشەکی و ئەنجام و سەرچاوەکان، لە دوو بەش پێکهاتووە، بە جۆرێک بەشی یەکەم بۆ زاراوە، چەمک، جۆر، پێکهاتە، شێواز و تەکنیکەکانی گوتار تەرخانکراوە، لە بەشی دووەمدا هەر بەپێی شێواز و تەکنیک و بنەماکانی گوتار لە گوتارەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی (9) کۆڵدراوەتەوە.

## 1.شێواز و تەکنیک و بنەماکانی گوتاردان

### 1.1زاراوەی گوتار:

گوتار یەکێکە لەو چەمکانەی، کە ڕابردوویەکی کۆنی هەیە، وەک زاراوە سەرەتاکەی بۆ وشەی لاتینی (Discourses) دەگەڕێتەوە، کە ئەمیش لە کرداری (Discurrere) وەرگیراوە (شرشار، 2006: 12)، کە بە واتای (گفتوگۆ) دێت، ئەم زاراوەیە هەر بەم چەشنە (Discourse) لە زمانی ئینگلیزییدا ڕەگی داکوتاوە، لە فەرەنسیشدا (discourir) (دزەیی، 2014: 77) بەکارهێنراوە، لە بەرانبەردا زاراوەی (خطاب) (صمود، 2008: 24) لە زمانی عەرەبی و لە زمانی کوردیشدا بە (گوتار) هاتووە، کە لە ڕەگی کاری (گوتن- گوت) و پاشگری (ار) (حەجی، 2008: 52) پێکهاتووە، هەندێکجاریش هەر بە (دیسکۆرس- فۆنەتیکی کوردی) وەک خۆی بەکاردێت، هەندیک جاری تریش زاراوەی (گوتار) لە فەرهەنگەکاندا بە واتای جۆراوجۆر (گوتار، ئاخاوتن، گفتوگۆ، تاد...) (ئەحمەد، ٢٠٢٣: ٤) هاتووە، بەمەش واتاکان بە جۆرێک لە یەکترەوە نزیکن.

بەشێوەیەکی گشتی زاراوەی (گوتار) لە زۆر بوار و بەشی جۆراوجۆر بەکارهاتووە، وەک: فەلسەفە، ئەنترۆپۆلۆجی، کۆمەڵناسی، و زمانەوانی، ... تاد، هەر بەم پێیەش فەیلەسوفان و تیۆریزانان لەبارەی چەمک و ڕۆڵی (گوتار) تاڕادەیەک بیروڕا و تێڕوانینی جیاوازیان هەبووە.

### 2.1چەمک و پێناسەی گوتار:

بەهۆی بەربڵاوی و بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە (گوتار) و پەیوەندی بە زانستەکانی دیکەوە، تاکو ئێستا نەتوانراوە پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ئەم بابەتە بکرێت و سەرجەم زاستەکانیش لەسەری کۆک بن، تەنانەت هەندێک جار هەر توێژەرێک لەسەر ئەم بوارە توێژینەوەی ئەنجام دابێت، لە ڕوانگە و تێڕوانینی خۆی و ئاراستەی تایبەت بە گوتار لێی دواوە و پێناسەی کردووە، بۆ نموونە لە رابردوودا گوتار وا پێناسەکراوە، کە (هەموو ئەو گوتن و قسانەن لە نێوان دوو کەسدا ڕوویانداوە و وتراون) (بن عبدالكريم، 2016: 26)، هەروەها لای (فێردیناد دی سۆسێر 1857- 1913)یش گوتار بە (قسەکردن/ ئاخاوتن) لێکدراوەتەوە (خضر، ٢٠١٦: ١٩)، نزیک لەم بۆچوونەش (زەلیج هاریس 1909- 1992)یش باوەڕی وایە گوتار (یەکەیەک، یان کوتلەیەکی زمانییە و ئاخێوەر بەرهەمی دەهێنێت و ڕەهەندەکانی ڕستە و پەیام تێدەپەڕێنێت) (سورخی، ٢٠٠٥: 53)، کەچی لە بەرانبەردا گوتار لە دیدگەی فەیلەسوفی فەرەنسی (مێشێل فۆکۆ 1984- 1926) بریتییە لە (ڕێگەکانی پێکهێنان و دروستکردنی مەعریفە) ( Ruiz,2009: 3)، ئەمەش بە هاوکاری و هەماهەنگیکردنە لەگەڵ کردە و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەمەش (فۆکۆ) وای بۆ دەچێت، کە گوتار کۆنترۆڵێکی زۆری بەسەر زمانەوە هەیە، تەنانەت توانای گۆڕین و گواستنەوەی دەسەڵاتیشی هەیە، جا هەر چ جۆرە دەسەڵاتێک بێت؛ (ئایینی، ڕامیاریی، کۆمەڵایەتی...)، بەمەش (فۆکۆ) بایەخ بە (ئەرکی گوتن)ەکان دەدات زماندا، تەنانەت باوەڕی وایە هەڵوێست و ڕووداوی نازمانیش گوزارشت لە گوتاری خاوەن هەڵوێست دەکەن، بەلای (فۆکۆ)وە گوتار (پێکهاتەیەکی تێکچڕژاو و ئاڵۆزە لە: ئایین، فەلسەفە، زانست، ئەفسانە، کولتوور و ئەدەب...، تاد) (فوكو، 2007: 8)، کە بەیەکەوە ئەو سەرزەمینە گوتارییە دروست دەکەن.

لەم سۆنگەوە گوتار بریتییە لە شێوازی زمانی و نازمانی/ شێوازی ئاخاوتنی گوفتاری ئاخێوەر، ئەو شێوازەی، کە بتوانێت کاریگەری بخاتە لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەی (وەرگر): گوێگر و بینەر و خوێنەر و جەماوەر، هەر ئەمەش وای لە بیرمەندی هۆڵەندی (توین ڤان دایک)، کە بە یەکێک لە داڕێژەرانی گوتارشیکاری دادەنرێت، بڵێت: (دەسەڵات بەهۆی گوتارەوە خۆی دەسەپێنێت و کۆنترۆڵی مێشکی خەڵک دەکات) ( Van Dijk,1993: 254)، بۆیە (ڤان دایک) بەردەوام هەنگاوی بەرەو یەکەی گەورەتری زمان ناوە، لەوانە: لێکسیکەکان، سینتاکس، دەق و واتایەکی هاوبەش بۆ گفتوگۆکان، بۆیە پێویستە گوتار بەشێوەیەکی ئەبستراکتی و هێڵکاری ڕێکبخرێت، چونکە ناتواندرێت هەندێک زانیاری بەسەردێڕ بەرجەستە بکرێت، بەڵکو واتاکانیان شاراوەیە، کە ئەمەش پەیوەستە بەشێوازی دابەشکردنی واتاکان لە گوتاردا. لەلایەکی دیکەوە (مێشیل باختین 1895- 1975)، پێی وایە گوتار پەیوەندیی بە فۆرمەوە نییە، ئەو باوەڕی وایە، کە ((تەنیا تاکە وشەیەک یان ئاگادارکردنەوە بە جوڵەیەک، یان دەنگێک، کە وشەش نەبێت، بە هۆی دەوروبەری نازمانییەوە، وەک (کات

و شوێن و ئاواز..) دەتوانێت ببێتە هەڵگری چەندین واتا و ئاراستەکردنی وەرگر)) (باختين، 2009: 156)، بەمەش دەتوانێت ببێتە گوتار، چونکە وەک دەزانرێت هەر ئاخاوتن و هەڵوێستێک تەژییە لە بۆچوونی تایبەتیی نێرەر و ویستی نێرەر بۆ سەرخستنی بیرێک بەسەر بیرێکی دیکە و دروستکردنی کاریگەری لە ژینگەی دەوروپشتی، بە واتایەکی دیکە؛ نێرەر لە گوتاردا جیهانبینیی خۆی لە فەلسەفە، بیر، ئایدۆلۆژیا و و هاوبیرانی بە پەیامێک ئاراستەی بەرانبەر (وەرگر/ وەرگران) دەکات، بۆ ئەمەش پەنا بۆ باشترین شێواز و تەکنیک و دەستەواژە زمانی و نازمانییەکان دەبەستێت، تا لەم ڕێگەیەوە بتوانێت کارییان لێ بکات و بەرەو ئەو مەبەستەی، کە خۆی دەیەوێت بە لایەوە پەسندە، ئاراستەیان بکات.

لەم دیدگەیەوە گوتار شێواز و سیستەمێکی بیرکردنەوە و مەعریفە و پەیوەندیکردنە، کە بنیاتی ئەزموون و جیهانبینی ئاخێوەر، یان نووسەر پیشاندەدات، بۆ ئەم مەبەستەش گوتار (زمان) وەک ناوەندێکی پەیوەندییکردن بە کۆمەڵگە و دەورووبەری بەکاردێنێت. بەمەش زمان دەبێتە گواستنەوەی واقعی حاڵ، وەک دەشزانرێت زمان ڕۆڵێکی گرنگ لە گۆڕان و پەرەسەندنی ئەو کۆمەڵگەیە دەبینێت، بۆیە کاتێک خەڵکان لەڕێگەی زمانەوە پەیامەکەیان بە کەسانی دیکە دەگەیەنن، ئەم زمانە بە گوتار دەناسرێت. بۆیە بەشێک لە زانایانی کۆمەڵناسی باوەڕیان وایە، گوتار (دەربڕینێکی درێژە، یان زنجیرە ڕستەیەکی بەدواییەکدا هاتووی درێژە) (محەمەد، ٢٠١٦، ١٣٢)، بەمەش گوتار دەکەوێتە چوارچێوەی دەقێک، کە لەلایەن نێرەرەوە لە دۆخێکی دیاریکرودا بەمەبەستی کاریگەری خستنەسەر وەرگر پێشکەش دەکرێت، بە واتایەکی دیکە: گوتار (زاراوەیەکە لە زانستی زماندا بۆ بەردەوامبوونی باسێک، کە بۆ زمانی ئاخێوەر بەکارهێنراوە، لە ناواخندا هەڵگری چەندین بیرۆکە و تێڕوانینی جۆراوجۆرە، کە بە شیکردنەوە درکی پێدەکرێت) ( Crystal، 2003: 14)، یان دەگوترێت: (گوتار دەقی بەکارهێنراوە لە دەوروبەرێکدا، جگە لەوەی کۆمەڵێک توخمی دەرەکی بەشداری لە بەرهەمهێنان و پێکهاتە زمانییەکەی دەکەن، ئەوا بەشداری لە لێکدانەوەشی دەکەن) (الشهدي، 2004: 39)، بەمەش دەق بەچەند دەوروبەرێکەوە دەبەستێتەوە، بۆیە لە شرۆڤە و لێکدانەوەی دەق/ گوتار، (تەنیا لەسەر ئاستی پێکهاتەیی و ناوەرۆکی دەقەکە ناوەستێت، بەڵکو زیاتر لەوەش دەڕوات و دەق بە پێکهاتەی دەرەکی/ دەوروبەر گرێدەدات) (أوشان، 2000: 77)، چونکە ئەو (دەووربەر و سیاق و کات و شوێن...)ەی گوتارەی تێدا دەربڕاوە، ڕۆڵێکی سەرەکی لە دەلالەتی گوتار و مەبەستە گوتراو نەگوتراوەکانییدا دەبینێت.

لەلایەکی دیکەوە دەگوترێت: (گوتار ڕوانگەیەکی زمانەوانییە بۆ پراکتیزەکردنی پرۆسەیەک لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێک) (ئەحمەد، 2023، 104)، بەمەش گوتار بریتییە لەو دەق و دەربڕینانەی واتای وشە و سیستەمی بنیاتی لۆجیکی و ڕێکخستنە ڕۆنانییەکان لەخۆ دەگرێت، کە لە لایەن نێرەوە ئاراستەی وەرگر دەکرێن. (زمخشری)یش لە بارەی گوتارەوە دەڵێت: (گوتار رووبەڕووبوونەوەیە لە ئاخاوتندا) (الزمخشري، 1998: 114)، یاخود گوتار (گەیاندنی مانایە بە گوێگر لە ڕێگەی قسە/ئاخاوتنەوە) (الخولي، 1982، 157)، (ئیمیل بنڤێنیست 1902– 1976)یش جەخت لەسەر پایەکانی (نێرەر و ناوەند و وەرگر) دەکاتەوە و دەڵێت: گوتار (بریتییە لەو دەربڕین و قسانەی، کە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا ڕوودەدات، تا کەسی یەکەم بە نییەتی کاریگەری بە شێوەیەک لە شێوەکان لەسەر کەسی دووەم دەیکات) (وهبة، 2008: 159)، بەمەش گوتار گوتن، یان هەڵسوکەوتێکە، کە هەڵوێست و بیرکردنەوەی تایبەت و لایەنگری و ئایدۆلۆژیایەکی لەپشتە و نێرەر پێی پەسندە و دەیەوێت بەو ئاراستەیە کار لەوانی دیکە بکات. ئەمەش بەو مانایەی، کە ڕستەکان دەلالەت و واتا بەخشن، بۆیە ئەرکی گوتاریش کارکردنە لەسەر واتا، بە تایبەتی واتای مەبەستدار و ئاماژەییەکان، ئیدی ئەم میکانیزمە بە دەقی نووسراو بێت، یان دەربڕین، وەک دەشزانرێت؛ ئەو هەڵوێست و مەبەست و بیروڕا و ئایدۆلۆژیایەی نێرەر/ ئاخێوەر، هەوێنی لەو ژینگە و کولتورە گشتییە وەرگرتووە، کە تاک تێیدایە و بە پێی دەووروبەر و بارودۆخێکی دیاریکراو، لە پێناو دروستکردنی کاریگەری، دەنوێنرێت.

کەواتە بە سوود وەرگرتن لە کۆی ئەو تێڕوانیین و بۆچوونانەی سەرەوە، دەکرێت بگوترێت: (گوتار بریتییە لە پەیوەندیکردنی بیر و مەعریفەی تاکەکان، لە ڕێگای وشە، قسە، ڕستە، گفتوگۆکردنەوە) (حەمەد؛ عەبدوڵڵا، 2020: 112)، چونکە لە بنەڕەتدا گوتار پێکهاتەیەکی زمانییە و بارگاوی کراوە بە بیر و ئایدۆلۆژیا و مەعریفە، ئەمەش هەر ئەو پەیامەیە،

کە پێکهاتەیەکی زمانی دەکات بە گوتار و زمان لە دەربڕینی بێ واتایی و ناکاریگەرییەوە دەکاتە پێکهاتەیەکی واتادار و کاریگەر، لێرەشەوە زمان دەبێتە چەق و ئامرازی پەیوەندیکردن، چونکە بەبێ بینینی ئەرکی گواستنەوەی پەیام، یان ناوەرۆکی پەیوەندیکردن، زمان هیچ مانایەکی نابێت، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایەشە دەوترێت: (زمان خۆی -بیرە- فیکرە)، واتە کاتێک زمان هەڵگری پەیامێک بێت، ئەو دەتوانرێت بگوترێت: زمان فیکرە، بە واتایەکی دیکە؛ گوتار بریتییە لە ئامانج و مەبەست و ئایدۆلۆژیای ئاخێوەر و گواستنەوەی بۆ کاریگەری خستەسەر و بڕواهێنانی گوێگران، بەمەش پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان گوتار و زماندا هەیە، بۆیە زمانی مرۆڤ، سەرزەمینی گوتاری مرۆڤە و هەموو بەگەڕخستنێکی زمان لە پێناوی گوزارشتکردنە لە گوتار، بێگومانیش گوتار بەپێی ئەو پەیامەی هەڵیدەگرێت و بەپێی جۆری دەربڕینی ئەو پەیامەی و شێوازی گەیاندنی پەیامەکە دابەش دەبێت بۆ چەند جۆرێک، لەوانەش: گوتاری وەسفکردن، گوتاری ڕازیکردن/قایلکردن، گوتاری مشتومڕ/ئەرگیومێنتەتیڤ/جەدەلی، گوتاری گێڕانەوە و گوتاری ڕاڤەکردن و لێکدانەوە و شرۆڤەکردن،...هەریەکە لەم گوتارانەش بۆ گواستنەوەی پەیامەکانییان بنەما و شێوازی دەربڕینی و ڕەهەندی خۆی هەیە.

### 3.1. مێژووی دەرکەوتن و لێکۆڵینەوەی گوتار:

زاراوەی (Discourse دیسکۆرس/گوتار) لە سەردەمی یۆنانی کۆن و لای سوکرات، پاشان ئەفلاتوون و ئەرەستۆ...تاد، دەستپێدەکات، تا سۆفستاییەکان، وەک ئەرک و کارنامە بوونێکی گرنگی هەبووە، بەڵام وەک ڕەهەندە ئەبستمۆلۆژییەکەی و چەمکە هاوچەرخەکەی بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری لای (ڕینێ دێکارت 1596- 1650) و دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ (میشێل فۆکۆ) دەگەڕێتەوە، کە زیاتر بۆ لایەنی زمانەوانی دەڕوات (محەمەد، 2014: 16- 20) بۆیە لە سەدەی (20)دا ئەم چەمکە لە ناو توێژینەوە زمانەوانی (فێردیناند دی سۆسێر 1857- 1913 و قوتابییەکانی) و ڕەخنەییە نوێیەکاندا (فۆرمالیستەکان: ڕۆمان یاکۆبسن 1896- 1982 و ڤیکتۆر شلۆڤسکی 1893- 1984) زیاتر بڵاوبۆتەوە (تودوروف، 1982: 10)، بەمەش دەردەکەوێت؛ چەمکی گوتار لە دامەنی زمانەوانی نوێدا لەدایکبووە و پەیدابووە.

گوتار هەر لە سەرەتای ژیانەوە بوونی هەبووە، تەنانەت زۆرینەی ئایینەکانیش بۆ بڵاوبوونەوە و پتەوتکردنی پایەکانی خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا پشتیان پێبەستووە، ئەمەش کاریگەری بەهێزی و بایەخی ئەم ژانرە/گوتار دەردەخات، بەپێی پێشکەوتنی شارستانییەت و ژیار گۆڕانە بەردەوامەکانی و پێگەی دەوڵەتان و حکومداریيان ئەم ژانرە پێگەکەی خۆی جێگیرتر کردوە، ڕۆڵی زیاتر و بایەخی زۆرتی پێدراوە، بۆیە لێکۆڵینەوەش لەم ژانرە/گوتار سەریهەڵدا و بۆتە جێگەی بابەخی فەیلەسوف و زانایان و زمانەوانان، لەم دیدگەیەوە (زەلیج هاریس) و لای ڕۆژئاواییەکان بە یەکەم کەس دادەنرێت، کە بایەخی بە لێکۆڵینەوەی گوتاری دابێت (یقگین، 1997: 37)، دوای ئەوە لێکۆڵینەوە لە گوتار و جۆرەکانی گوتار گرنگی زیاتری پێدراو دواتر پەڕیوەتەوە ناو گەلانی ڕۆژهەڵات.

### 4.1. ڕەگەز و بنەماکانی گوتار:

بەهۆی ئەوەی گوتار ڕەهەندێکی زمانیی هەیە، بۆیە لە توێژینەوەی دەقی گوتاردا، بەبێ پشتبەستن بە زمان ناتوانرێت بگەینە ڕاستی و دروستی شێواز و تەکنیکی گوتاری، بۆیە بە پێگیری بە بنەماکانی زمان، گوتار لە چەند ڕەگەزێک پێکدێت، کە ڕۆڵیان لەم پەیوەندییە زمانییەدا هەیە، پێویستیی و زەروورەتێکی گوتارییین، کە ئەمانیش بریتیین لە: (یاکوبسن، 1988: 27) (حسەین، 2008: 60- 62) (محەمەد، 2008: 46)، (ئیبراهیم، 2020: 26- 34)، (ئەحمەد، 2023: 83).

1. **ئاخێوەر Speker / نێرەر Sender/ قسەکەر Communicator**: ئاخێوەر بە ڕەگەزی یەکەم و سەرەکی گوتار دادەنرێت، ئاخێوەریش ئەو کەسەیە، هەڵدەستێت بە پێشکەشکردن و ئاڕاستەکردنی پەیامێک بە مەبەستی کارلێککردن و کاریگەری خستنەسەر لایەنی بەرانبەر، ئەویش: وەرگرە، جا (وەرگر تاک بێت، یان کۆ) (سەعید، 2013: 16)، بەمەش نێرەر ئەرکی دەربڕین جێبەجێدەکات.
2. **گوێگر Rezipiente / وەرگر Receiver**: وەرگر ئەو کەس و لایەنانەن (جەماوەر)، کە لەلایەن (نێرەر)ەوە پەیامیان ئاراستە دەکرێت، وەرگر لە کردەی پەیوەندیکردنیشدا بەرانبەر بە نێرەر دەوەستێت، واتە وەرگر ئەو کەس/ کەسانەن، کە پەیامێک، یان زیاتریان لەلایەن نێرەوە ئاراستە دەکرێت، بەمەبەستی کاریگەری خستنەسەر هزرییان و

ئاراستەکردنیان بە ئەنجامدانی، یان ئەنجامنەدانی کاریَ. هەڵبەتە (ڕۆڵی وەرگر بەپێی جۆری گوتار و پەیامەکان دەگۆڕێت، دەووروبەر (کات و شوێن) کاریگەری خۆی لەسەر وەرگرتن و شرۆڤەی پەیام/گوتارەکەدا هەیە) (عەبدوڵلا، 2017: 47)، ئەمە جگە لەوەی (زمانی جەستەی گوتاربێژ لە گوتاردان)دا یەکێکی دیکە لەو لایەنانەی، کە دەبێتە جێگەی بایەخی ئاراستەکردنی وەرگر، چونکە هەندێک شرۆڤە دەبێت بۆ (دیوی نازمانی/ پشتەوەی زمان)ی بگەڕێندرێنەوە، ئەمەش دەوەستێتە سەر توانایی و لێهاتووی و کارامەیی زەینی و زیرەکی وەرگر/وەرگران، بەمەش وەرگر ئەرکی تێگەیشتن و پێگەیشتن پەیدادەکات.

3. **پەیام- دەق- نامە Message:** مەبەست لە پەیام کۆی ئەو بیر و زانیاری و مەبەستانە دەگرێتەوە، کە نێنەر/ ئاخێوەر دەیەوێت بە وەرگر/ گوێگری بگەیەنێت، پەیامیش بەپێی جۆرەکانی بابەتەکان دەگۆڕێت، وەک ناوەڕۆکی (ئاینیی، کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی...تاد، هەڵبەتە ڕێگە و شێوازی گەیاندنی پەیامەکە بەپێی لایەنەکان دەگۆڕێت، بەمەش پەیام ئەرکی داڕشتنی پەخشانی دروستدەکات.

4. **کۆد Code:** کۆد بە هێماکردنی ئەو مەبەست و زانیاری و بیرۆکەکانەیە کە هەن، بە واتایەکی دیکە (کۆد گوزارشتێکی واتاداری هاوبەشە لە نێوان نێرەر و وەرگر) (حەمەدئەمین، 2013: 12)، کۆدیش دەشێت هێمای زمانی، یان نازمانی بێت. بەمەش کۆد ئەرکی فەرهەنگی دروستدەکات، کە پێیدەگوترێ ئەرکی پشت زمانی (ئەودیو زمانی).

5. **دەوروبەر- ڕێڕەو Denotate -Context:** مەبەست لە دەوروبەر ئەو ژینگە و چوارچێوە گشتییەیە، کە گوتاری تێدا ئەنجامدەدرێت. بەهۆی ئەوەی، کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بۆ تێگەیشتنیش لەم دیاردەیە پێویستیمان بە دەوروبەرێکە، کە هەڵوێستی ئاخاوتنی تیادا ئەنجامبدرێت، بە واتایەکی دیکە (دەرووربەر بریتییە لەو چێوەیەی، کە قسەکەر پەیامەکەی تیادا ئاراستەی گوێگر دەکات، هەروەها ڕۆڵێکی گەورە لە ڕەواندنەوەی تەمومژییدا دەبینێت) (ڕەسول، 2013: ٤٨)، چونکە وشە کەرەستەی خاوی دەربڕینە و کاریگەری گەورەی لەسەر مرۆڤ هەیە، بەڵام زۆرجار وشەکان لەناو دەقدا واتای ڕاستەقینەی خۆیان لەدەستدەدەن و واتاکانیان ناڕوون دەبن، بۆیە پێویستی بە دەوروبەرێک دەبێت، تا ئەو تەمومژیەی واتاییەی برەوێنێتەوە، وەک دەشزانرێت: دەوروبەر بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگەوە بەستراوەتەوە، بەمەش (دەوروبەر ڕۆڵ و ئەرکی کانگا و سەرچاوە دەبینێت بۆ گەیاندنی مەبەستی دروستی پەیامەکە بە وەرگر) (معین، 2005: ٦4).

6. **کەناڵی پەیوەندی Channel Communication:** کەناڵ ناوەند و شوێنی بەیەکگەیشتن و بەیەکەوەگرێدانی نێوان (نێرەر و وەرگرە/ئاخێوەر و گوێگر)ە بەهۆی (پەیام)ەوە، بە واتایەکی دیکە کەناڵ پردی بەیەکگەیشتن و بەستنەوەی پەیوەندییە لە نێوان جەمسەری نێرەر و وەرگر، وەک دەشزانرێت: کە چەندین کەناڵی پەیوەندی جۆراوجۆر هەن، لەوانە: شوێنی کۆڕوبوونەوەی جەماوەری، پەیوەندی تەلەفۆنی، ڕادیۆ، کاسێت، تەلەفزیۆن، ئەنتەرنێت...تاد، بەمەش کەناڵ ئەرکی هۆشیاری دەبێنێت، لە بەستنەوەی جەمسەرەکان بەیەکەوە.

### 5.1. جۆرەکانی گوتار:

بەهۆی گرنگی پێگەی ژانری گوتار، گوتار پەرپوەتەوە تەواوی بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، هەر ئەمەش وایکردوە، پێناسەیەکی جێگیر و دیاریکراو بۆ چەمکی گوتاربوونی نەبێت، ئەمەش بەهۆی بوار و جۆرە جیاوازەکانی گوتارە، کە وایکردوە گوتار چەمکێکی فرەمانا و دەلالەت بێت، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی نزیکی و ئاوێتەبوونی بابەتە مرۆییەکان لەگەڵ یەکتردا، بۆتە هۆی ئەوەت گەلێک جۆری دیکە گوتار بێنە کایەوە (بڕوانە: ئیبراهیم، 2020: ٤٣، یان: ئەحمەد، 2023: ٢٣) هەریەک لەم جۆرانەش ناوەرۆک و شێواز و بنەما و ئەدگاری تایبەت و ئامانجی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆیە بە پێی

پێویستی توێژینەوەکە ئاماژە بە چەند جۆرێکی گوتار دەکەین:

### 1.5.1. گوتاری کۆمەڵایەتیی:

گوتاری کۆمەڵایەتی ئەو جۆرە گوتارەیە، کە لە بونیاد ئاخاوتنەکەییدا پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت، لەم (جۆرە گوتارەدا گرنگی و بایەخی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕووندەکرێتەوە و هەر لەوێش باس لەو کێشە و گرفت و دیاردە کۆمەڵایەتییانە دەکرێت، کە لە کۆمەڵگەکەدا بوونیان هەیە، یان هەستی پێدەکرێت)( Angenot,2004 :3)، چونکە هەر (کۆمەڵگەیەک بنەما و پێڕەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە ئایین و دابونەریت و کولتور...تاد) (ئیبراهیم، 2020: 12)، کە لە کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە، بۆیە لەسەر گوتاربێژی کۆمەڵایەتی پێویستە شارازاییەکی باشی لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵگەکە هەبێت، یان باشتر بڵێین؛ دەبێت هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگەکەی بێت و پێگەیەکی دیاری هەبێت، دواتر دەبێت شارەزاییەکی باشی لە چەمک و دەستەواژە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت، تاکو باشترین و کاریگەرترینیان هەڵبژێرێت، بەمەستی پێکانی ئامانجەکەی.
لەم دیدگەیەوە ئامانج و مەبەست لەم جۆرە گوتارە چارەسەرکردنی کێشە و ئاریشەکانی نێو کۆمەڵگەیە و لەیەکتر نزیک کردنەوەی جەمسەرە دژ و ناکۆکەکانە، بنبڕکردنی هەندێک دیاردەی دزێو و نەشیاوە.

### 1.5.2. گوتاری ڕاگەیاندن:

هەر لە ناوەکەیەوە دیارە، ئەم جۆرە گوتارە بایەخ بە شرۆڤەی گوتاری میدیایی دەدات، وەک بابەتەکانی ڕادیۆ و ڕۆژنامە، دیمانەی (دەنگ/ ڕەنگ)، تەلەفزیۆن و سۆشیال میدیا...تاد) بە واتایەکی دیکە گوتاری میدیایی گرنگی (بەو کارلێکانە دەکات، کە لەڕێگەی پلاتفۆرمێکی پەخشکردنەوە ڕوودەدات، گوتارەکەش ئاراستەی وەرگرێکی نائامادە دەکرێت) (OKeeffe، 2011 441)، ئەم جۆرە گوتارە زیاتر بۆ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی زانیاریی بە وەرگران بەکاردەهێنرێت، بەم پێیەش بەپێی پرەنسیپ و میکانیزمەکانی دەزگاکە، هەندێک لە هەواڵ و زانیارییەکان بۆ بەشێک لە ڕاگەیاندنەکان دەبنە جێگەی بایەخ و گرنگی زۆری پێدەدەن، بۆیە واچاکە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەم بارەیەوە خۆیان بەدروورببگرن لەم شێوازی کارکردنە و پیشەییانە ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەنن، دەبێت بنەما و سنووری کۆمەڵایەتی، ئایینی و...کۆمەڵگەکەیان لەپێش چاو بگرن، زمانی بەکارهێنانی شیکردنەوەی هەواڵ و شرۆڤەکانییان بابەتییانە و پیشەییانە و ڕەوشتییانە بێت، تاکو لایەن و پێکهاتە و تاکەکانی کۆمەڵگە نەتۆرێنن.

### 1.5.3. گوتاری ئەدەبی:

وەک دەزانیین ئەدەب بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاوی مێژووی مرۆڤایەتییە و ڕەنگدانەوەی واقیعی هەر کۆمەڵگەیەکە، بەجۆرێک کاریگەری زۆری هەیە و بە هۆیەکی گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگە دادەنرێت، بۆیە شارەزایانی ئەم بوارە دەڵێن، کە ئەدەب (ئەنجامی گرێبەستێکی گفتوگۆییە، لەلایەن تاکەکانەوە بۆ پاراستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی و هەڵسوکەوتی زارەکی بێ بەرانبەر،...بەمەش ئەدەب لە گوتاری زارەکییدا هەڵبەستراوە و سروشتی ئەم نووسراوانە پەیوەستە بە دانانی کۆمەڵایەتی کارلێککردن و پەیوەندی بەشداربوان و ئەو زمانەی بەکاردێت) (شوان، 2008: 3)، بە واتایەکی دیکە ئەدەب یەکێکە لە هۆکارە سەرەتاییەکانی هێشتنەوەی تۆماری گوتار و دروستبوونی ڕێگەی نوێ بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەر و جیهانی ئەوانی دیکە، چونکە هەر دەقێکی ئەدەبی زادەی جیهانبینی و ژیان و ژیاری ئەو کۆمەڵگەیە پیشاندەدات، بەم جۆرە دەقە ئەدەبییەکان (شیعر، پەخشان) بەرجەستەکاری کۆمەڵگەن و هەڵگری گوتاری چاکسازیین. لەم سۆنگەیەوە گوتاری ئەدەبی شێوازی دەستکاریکردنی زمانە لە و چیەتیی چۆنییەتییدا، بۆیە زۆرجار گوتاری شیعریی لە بری گوتاری ئەدەبی بەکاردەهێنرێت، بە واتایەکی دیکە؛ ئەگەر زمان هۆکار و ئامرازی پەیوەندیکردن بێت، ئەوا هەر ئەم ئامرازە ڕۆڵی سەرەکی لە گێڕانەوەکانی خۆی بۆ (چیرۆک و ڕۆمان...تاد) پشت بە گوتار دەبەستێت، وەک (ڕۆلان بارت) دەڵێت: (ڕستەکان گەورەترین و کۆتا یەکەی زمانن و بەدەر لە ڕستەکان، گوتار لە شوێنێکی دیکەدا بوونی نییە) (بوحوش، 2009: 100)،

لەلایەکی دیکە (تیزیفتیان تۆدۆرۆڤ) دوو جۆر گوتاری جیاکردۆتەوە، ئەویش (گوتاری ئەدەبیی، گوتاری ڕەخنەیی)ین، بەمەش (تۆدۆرۆڤ) پێیوایە (زمان لە دەقی ئەدەبییدا نیشتەجێی جیهانێکی نوێیە، کە لە زمانی ئاسایی/نۆرماڵ جیاوازە و پشت بە دەستوور و یاسای گۆڕاو و ناجێگیر دەبەستێت و پەیوەندیی تایبەت لەنێوان یەکەکاندا بەرهەمدەهێنێت) (محەمەد، 2014: 37)، ئەمەش گوتارێک بۆ داهێنراوە ئەدەبییەکە بەرجەستە دەکات، سەرچاوەی دروستبوونی ئەم گوتاری ئەدەبیش، بابەتە ئەدەبیەکانن، کە لە ئەنجامی گەیاندنی پەیامێکی ئەدەبی سەرهەڵدەدات، لەناویشیاندا جۆرێکی گوتار لە خۆیان هەڵدەگرن، بۆیە دەکرێت بگوترێت، کە گوتاری ئەدەبی (کۆمەڵێک بونیاتی دەربڕاون، کە لەناو گشت دەقە ئەدەبییەکاندا ڕۆڵ دەبینن) (عەبدوڵلا، ٢٠١٧: ٦٢)، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە ئەدەب بەبێ گوتار بەهەم نایێت، ئامانجیش لەم جۆرە گوتارە هۆشیارکردنەوەی وەرگر/تاکە، جوڵاندنی هۆش و بیرییەتی، پێشکەوتن و توانا و لێهاتووییەتی، بۆ دەربڕین و جیهانبینییەتی بۆ ژیان و ژیار.

### 1.5.4. گوتاری پزیشکی:

بەشێوەیەکی گشتی گوتار ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ لە کاری پزیشکەوانی دەبینێت، چونکە پزیشکەکان جگە لەوەی بە ڕێگەی ئاوێتەکردنی تاقیکردنەوەی کارەکی/تاقیگەیی و گوتاردان، فێرخوازانی ئەم بوارە فێردەکەن و زانستەکەیان بۆ شرۆڤەدەکەن و بۆ داهاتوو ئامادەیان دەکەن، ئەوا هەر لە ڕێگەی گوتارەیشەوە پەیام ئاراستەی وەرگران: (ئەوانەی نەخۆشن، یان ئەوانەی پێویستە پارێزگاری لە ساغلەمییان بکەن) دەکات، بۆ ئەوەی بەتەن و دەروونێکی دروست بمێننەوە، بەمەش هەر گوتارێکی پزیشکی لەپێناو سەلامەتی گیانی گوێگرانە/مرۆڤایەتییە، لەم دیدگەیەوە دەبێت پزیشک لە کاتی قسەکردن بۆ نەخۆش/نەخۆشان، (بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخ و زەمینەیە بکات، کە نەخۆشەکەی تیادایە و لە پەیوەندیکردندان و لەگەڵیدا بەشێوازێکی ڕوون لە گفتوگۆدا بێت، بۆ ئەوەی لەهەر بارێکی لەناکاودا نەخۆشەکە تووشی بێ هیوایی نەبێت) (ئەحمەد، 2023: 123)، بەڵکو پێویستە ئامۆژگاریی خۆپارێزی و بەکارهێنانی چارەسەرەکان و پابەندبوون بە ڕێنماییەکان بکاتە دەرگەیەکی ئومێدبەخش بۆ کۆتایی هێنان بەم بارودۆخەی، کە تیایدایە، بۆ ئەمەش دەبێت (زمانێکی نەرم و پڕسۆزی کۆمەڵایەتی بەکاربێنێت، تاکو کاریگەری زیاتر بخاتە سەریان) (صالح، ٢٠١٣: 23) و لە بەجێهێنانی ڕێنماییە پێدراوەکان، چونکە هەر نەخۆشێکی جەستەیی ڕاستەوخۆ لە دەروونێکی ناجێگیردا خۆی دەبینێتەوە، بۆیە دەبێت پزیشک لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا وریای هەردوو لایەنەکە بێت.

### 1.5.5. گوتاری سیاسی:

ئەم جۆرە گوتارە هەڵگری پەیامێکی سیاسیی و ڕامیارییە، کە لەلایەن کەسایەتییەکی سیاسیی (حکومی، حزبی...) پێشکەش دەکرێت، بۆیە گرنگیی و بایەخی ئەم جۆرە گوتارە بۆ (ئەو پێگەیە دەگەڕێتەوە، کە کەسی سیاسی تێیدایە و لە ڕێگای ئەو گوتارەوە دەیەوێت سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی وڵاتەکەی ئاشکرابکات و بیخاتەڕوو، جا هەر جۆرە سیستەمێکی سیاسیی بێت، وەک (ئایینی، عەلمانیی، پاشایەتیی، کۆماری، دیموکراسییە، یان دیکتاتۆری...تاد.) (الحميري، 2008: 32)، ئەوەی گوتارە سیاسیەشی، کە پەیوەندیی بە سیاسەتی دەرەکییەوە هەیە و ئاراستەی دەرەوەی قەوارەکەی دەکرێت و جۆر و سروشتی پەیوەندیی وڵاتەکە بە دونیای دەرەوەی تێدا دەخرێتەڕوو، کە ئەمانیش زیاتر بە باس و خواسی هەناردە و ناردەنی، هاوکاری و ململانێ و شەڕ و ئاشتی...تاد، پەیوەستن، هەندێکجاریش دەشێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جۆرێک لە ئاوێتەبوون لە (گوتاری ناوەخۆ و دەرەکی)دا ڕوویدا.

لەم دیدگەیەوە سەرکردە، یان سەرۆکی وڵات و حکومەت وەک باڵاترین پلەی بەرپرسیارێتیی و خاوەنی بڕیار، گوزارشت لەو سیاسەتە دەکەن، بە واتایەکی دیکە؛ ئەم جۆرە گوتارە، زیاتر (بە گوتاری دەسەڵات دەناسرێت، چونکە ناوەرۆکەکەی بیرێکی سیاسی لەخۆدەگرێت، هەر لەبەر ئەمەشە بیر بنەمایەکی گرنگە لە گوتاری سیاسییدا) (عكاشة، ٢٠١٦: 45)، کە نێرەر/کەسی سیاسیی گوتارەکە ئاراستەی وەرگر-جەماوەر، یان دەسەڵاتی دەرەکی دەکات، بە مەبەستی کاریگەری خستنەسەر جەماوەر و ڕازیکردن و بەدەستهێنانی ڕای گشتی دەربارەی ناوەرۆک و بابەتی گوتارەکە، یان بە مەبەستی

ڕوونکردنەو و شرۆڤە و خستنەڕووی دیگای بەڕێوەبردن بۆ دونیای دەرەوە دەبێت. لە گوتاری سیاسییدا زمانێکی ڕوون و ڕاستەوخۆ بەبێ هیچ تەمومژییەک بۆ ناوخۆ و زمانێکی سیاسییانە و دیبلۆماسییانە لە دوتوێی گوتاری دەرەکی بەکاردەهێنرێت، بۆیە بە بڕوای (ڤان دایک) (بکەری سیاسیی لەڕێگەی شێوازی گوتارەکەی دەناسرێتەوە، چونکە تاوتوێکردنی زۆربەی کێشە سیاسییەکان لەڕێگەی گوتارەوە دەبێ، یان لە هەر بەرهەمێکی گوتاری سیاسییدا وەکو بانگەشەی هەڵبژاردن، کاری پەرلەمانی، دیداری سیاسی، بەڵگەنامە سیاسییەکان،...تاد) ( Dijk, 2020 :25) دەبینرێت.

### 1.5.6. گوتاری پەروەردەیی:

ئەم جۆرە گوتارەیە، کە لە قوتابخانە و ناوەندە ئەکادیمییەکان لەلایەن مامۆستا و بەرپرسانی ناوەندە ئەکادیمییەکان پێشکەش بە فێرخوازان دەکرێت، ئەم (جۆرە گوتارە لە بارودۆخ و بابەت و گرفت و گرنگیپێدانەکانی بواری پەروەردە دەکۆڵێتەوە) (ئەحمەد، 2023: 125)، یان گوتارێکە ئەرکی گواستنەوەی زانست و زانیارییە لە مامۆستا و ڕاهێنەرانەوە بۆ فێرخوازان، بە مەبەستی پەروەردە و فێرکردن، چونکە لە ئامانجەکانی گرنگەکانی گوتاری پەروەردەیی ئەوەیە، کە پەروەردەکاران لەڕێگەی ئەم گوتارەوە فێرخوازان فێری زانست و بابەتەکان بکەن و (بتوانن ئەو بیرۆکە و چەمکانە ڕوونبکەنەوە و تاوتوێی- بابەتەکان بکەن،...وەڵامی پرسیارەکانیان بدەنەوە و گوێیان لێبگرن...)( Manoliu, 2015 :223)، بەمەش دەرگەی گفتوگۆ بۆ فێرخوازان دەکرێتەوە دەتوانن باشتر بۆچوونەکانیان دەرببڕن و دروستر لە بابەتەکان تێبگەن، بە مەبەستی بەدەستهێنانی شارەزایی و توانایی و کارامەیی و بیرکردنەوەی زیاتر.

بەشێوەیەکی گشتی گوتاری پەروەردەیی بۆ مەبەستی پەروەردەی تاکێکی دەروون و جەستە دروست و فێرکردنی زانست و زانیارییەکانە، زۆرجاریش ئەم جۆرە گوتارە لەلایەن بەرپرسان و کاربەدەستانی دەوڵەت پێشکەش دەکرێت، بە مەبەستی هاندان و سەرخستن و بەرەوپێشچوونی کەرتی خوێندن و پەروەردە، چونکە وەک دەزانیین؛ ئەم کەرتە بە بنەڕەتی پێگەیاندنی تاکێکی تەندروست و پێگەیشتوو و سەرکەوتوو و سوودبەخش بۆ خۆی و کۆمەڵگە و وڵاتەکەی دادەنرێت.

### 1.5.7. گوتاری ئابووریی:

ئەم جۆرە گوتارە هەڵگری پەیامێکی ئابوورییانە و قسە و باسە لەسەر بژێوی داهات و هەناردەنی و هاوردەکردنی کەلوپەل و بەربوومی خۆراکی و ئاژەڵی و تەواوی پێداویستییەکانی دیکەی ژیان، لەم دیدگەیەوە بواری ئابووری هەمووکات بابەتێکی گرنگی ناو کومەڵگەیە، بۆیە (گەنگەشەی زوری لەبارەیەوەدەکرێت، بەجوریک وابەستەی کاری ڕۆژانە و بژێوی ژیانی هەر تاکێکە) (ئیبراهیم، 2020: 15). بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە گوتارە خستنەڕووی ئاریشە و گرفتی بابەتە ئابوورییەکانە، وەک (دابەزین و هەڵئاوسانی نرخ: کانزاکان، نەوت، دراو، شتومەک و کاڵا، بابەتە خۆراکییەکان و دانەوێلە و...تاد)، هەندێکجاریش لەگەڵ خستنەڕووەکەدا پەیامی چارەسەریش لەخۆی دەگرێت. ئەم گوتارە زیاتر لەلایەن کەسانی بسپۆر و شارازا لە بواری ئابووریی پێشکەش دەکرێت، تێدا دید و بۆچوونی خۆیان لەسەر بابەت و بوارە ئابوورییەکان دەردەبڕن، هەندێکجاریش بەهۆی قەیرانی دارایی، یان بەرەو پێشبردنی کەرتێکی ئابووریی: (کشتوکاڵ، پیشەسازیی، کانزکان و سەرچاوە سروشتییەکان...تاد) و کردنەوە و ڕاگەیاندنی پرۆژەیەکی ئابووریی لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەت پێشکەش دەکرێت، تیایدا گرنگی و بایەخی پرۆژەکە دەخرێتەڕوو، بەگشتی ئەم گوتارانە بە (ئەرێنی، نەرێنی) کاریگەریی زۆر لەسەر بەرزبونەوە و دابەزینی نرخی (دراو، خانووبەرە، کانزاکان، خواردن و پێداویستییەکانی ڕۆژانە...تاد) دادەنێت.

+ بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو جۆرە گوتارانە لەناو خۆیاندا دەشێت سوود لەیەکتری وەربگرن، بۆ نموونە گوتاری ئابووریی سوود لە گوتاری سیاسیی دەبینێت، بەپێچەوانەشەوە، یان گوتاری پەروەردەیی سوود لە گوتاری ڕاگەیاندن وەردەگرێت، تەنانەت دەشێت گوتاری ڕاگەیاندنی بخرێتە خزمەت جۆرەکانی دیکەی گوتار.

### 6.1. پێکهاتەی گوتار:

بەشێوەیەکی گشتی گوتار وەک تەواوی ژانرەکانی دیکەی پەخشان، پێکهاتەیەکی دیاریکراو و جێگری هەیە، کە دەبێت لە جەستەیاندا هەموو جۆرەکانی گوتاردا ئەم پێکهاتەیە بەشێوەیەکی زنجیرەیی و ڕێکخراو بەرجەستە بێت، نەبوونی هەر یەکێک لەم پایە سەرەکییانە، دەبێتە هۆی کەموکوڕی و لەنگی لە گوتار و شەلەلکردنی ئامانجی گوتارەکە و بەدینەهاتنی مەبەستە سەرەکییەکەی، لەم دیدگەیەوە گوتار لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، کە پێکەوە کاردەکەن بۆ گەیاندنی پەیامێکی ڕوون و کاریگەر بۆ وەرگران/ ئامادەبووان، ئەم پێکهاتانەش بریتیین لە:

**1-پێشەکی (Introduction):**

پێشەکی یەکەم بەشی گوتارە و کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر سەرنجراکێشانی ئامادەبوان هەیە، بەگشتی پێشەکی هەر گوتارێک خۆی لە (ناساندنی بابەت: ڕوونکردنەوەی چییەتی گوتارەکە/ گوتارە لەبارەی چییە، بیرۆکەی سەرەکی: ڕوونکردنەوەی ئامانج و مەبەستی گوتارەکە،...تاد) (حبيلة، 2010: 19) لەخۆ دەگرێت، بۆ ئەوەی پێشەکی کاریگەربێت و مەبەستەکەی خۆی بپێکێت، وا چاکە دەقێکی پوختی سەرنجراکێش، یان پرسیارێک بوروژێنرێت و دواتر لە بەشەکەی دواتر-(کرۆک) بە ڕوونی وڵامبدرێتەوە.

**2-کرۆک (Body):**

مەبەست لە کرۆک، هەناو و ناوەرۆکی گوتارە، کە تیایدا بیرۆکە و ئامانجە سەرەکییەکانی لەخۆ دەگرێت و بە وردەکارییەوە ڕووندەکرێنەوە و شرۆڤەدەکرێن، بۆ ئەوەی ئەم بەشەش ئامانجی خۆی بەدیبهێنێت پێویستە لەلایەنی تەکنیکییەوە ڕەچاوی ئەم لایەنانە بکات، (ڕێک و پێکخراو بێت: بیرۆکەکان بە شێوەیەکی ڕێک و پێکخراو پێشکەش بکرێن) (ميرغني، 2008: 78)، بەڵگە و نموونە بەکاربهێنرێت: بۆ پشتگیریکردن لە بیرۆکەکان، بەڵگە و نموونە بەکاربهێنرێت، پەیوەندی لەگەڵ ئامادەبوان دروست بکات: ئەویش بە بەکارهێنانی زمانێکی گونجاو و کاریگەر نزیک لە زمانی ئامادەبوان.

**3-کۆتایی (Conclusion):**

کۆتایی کۆتا بەشی گوتارە و کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر بیرەوەریی و ئاراستەکردنی ئامادەبوان هەیە، لە (کۆتایی)دا دەبێت ڕەچاوی ئەم لایەنانە بکرێت: (کورتکردنەوەی مەبەست و بیرۆکە سەرەکییەکان: ڕوونکردنەوەیەکی کورت لەبارەی ئەوەی چی باسکراوە، پێشکەشکردنی پەیامێکی پوخت و کاریگەر: پیشاندان و جەختکردنەوە لەسەر ئامانجی گوتارەکە، دروستکردنی کاریگەرییەکی بەهێز: هەندێکجار ئەمە بە بەکارهێنانی وشەیەکی کاریگەر، یان پرسیارێکی هزری، یان پەندێک، یان وتەیەکی ناودار و پێشەنگێک دەبێت...).

هەموو ئەمانە بەیەکەوە لە گوتارێکی سەرکەوتوو و کاریگەر بەشداری دەکەن، نەبوونی هەر یەکێکیان دەبێتە هۆی شکستی گوتاربێژ و بەدینەهاتنی ئامانجە سەرەکییەکانی گوتار.

**7.1. ئامانجی گوتار:**

گوتار بریتییە لە بەرهەمی بیر و ئایدۆلۆژیایەک، کە ئامانج لێی گەیاندنییەتی بە وەرگر/وەرگران، لە ڕێگەی زمانەوە، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، بۆیە نێرەر هەوڵدەدات لە فەرهەنگی زمانەکەییدا ئەو وشە و زاراوە و دەستەواژانە هەڵبژێرێت، کە گوزارشت لە دید و بۆچوونی دەکەن و لەناو کۆمەڵگەدا ڕوونن، ئەمەش بە مەبەستی خێرتراین و زۆرترین کاریگەری و کاردانەوە، بە واتایەکی دیکە؛ ئامانجی هەر گوتارێک پەیوەستە بە جۆری گوتارەکە و کەسێتی گوتاربێژەکە، وەک دەشزانیین بەپێی پۆلێنکردنی جۆرەکانی گوتار چەند جۆر گوتار هەن، لەوانە: گوتاری ئاینیی، نەتەوەیی، سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی...تاد، کەسێتی گوتاربێژیش بەپێی جۆری گوتارەکە دەگۆڕێت، بەڵام ئەو کەسێتیانەی، کە لەسەر یەک ڕێڕەوی گوتاردا جێگیرن، گوتارەکانییان کاریگەرترن بە بەراورد بەوانەی زۆرترین گۆڕانکاریی لە جۆری گوتاردا دەکەن.

لەم سۆنگەیەوە گوتاربێژ بەپێی جۆری گوتار و ئەو بیر و مەبەستەی دەیەوێت بیگەیەنێتە وەرگر، وشەکانی لە فەرهەنگە زمانییەکەی هەڵدەبژێرێت، چونکە فەرهەنگی زمانی گوتارێکی ئاینیی بەبەراورد بە گوتارێکی سیاسیی و فەرهەنگی

گوتارێکی ئابووریی لەگەڵ گوتارێکی ڕۆشنبیریی...جیاوازن، جیاوازییەکەش خۆی لەو واتا و دەلالەتانە دەبینێتەوە، کە بە واتا و مەبەست و کۆدێکی دیاریکراودا بەستراونەتەوە، تەنانەت هەندێک وشە و زاراوە هەن، لە جۆرێک لە لایەنەکان بوونەتە تێشووی/ عەمباری واتایی، ئەمەش بەپێی سەردەم دەگۆڕێت، بۆ نموونە وشەی (ڕادیۆ) لە کۆمەڵگەی کوردییدا گەر تا چەند ساڵێک لەمەوبەر تەنیا ناوی (ئامێرێکی بیستن) بوو، ئەوا ئەمڕۆکە جگە لە واتای خۆی بەپێی دەوروبەرەکەی واتای (پەشیمانی لە گوتن و کارێک، کە پێشتر کراوە) بەهۆی (ترس و چاوسورکردنەوە و هەڕەشە و...)، دێت، ئەمەش بە واتای پشت زمانی ناودەبرێت، یان وشەی (داربەڕوو)، کە ناوی دارێکی شاخەکانی کوردستانە و بەرگەی سەرماوسۆڵەی زستان و تۆفان و ڕەشەبای کوێستانەکان دەگرێت، کەچی خواستراوە بۆ (نەتەوەی کورد)، ئەو نەتەوەی، کە بەرگەی کوشتن و ڕاگواستن و کیمیابارانکردن و ئەنفالی...تاد، گرتووە و هەمیشە ڕەگی لە خاکی کوردستاندا داکوتاوە، بەهیچ جۆرێک لەناو نەچووە و لەناو ناچێت، لەم دیدگەیەوە مەرج نییە ئەو واتا بارکراوانە لە هەموو کۆمەڵگەیەک وەک یەک بێت، بەڵکو بەپێی بارودۆخی ژیان و ژیاری کۆمەڵگەکە دەگۆڕێت.

+ بەشێوەیەکی گشتیی ئامانجی هەر گوتارێک ئاراستەکردنی وەرگرە بۆ مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو، کە بنەما و مەبەستەکەی لەلایەن کەس و دەستە و کۆمەڵە و ڕێکخراو پارتەوە داڕێژراوە، بۆیە گوتاربێژ هەمیشە هەوڵدەدات ئەو زاراوانە دەستەبژێر بکات، کە بوونەتە ڕەمزی بابەتەکە و جۆرێک لە ڕەوانبێژی لەخۆ دەگۆن، بەمەستی زۆرترین واتا و خێراترین کاردانەوە و باشترین کاریگەری، بێ ئەمانەش ئامانجی گوتار بەدی نایەت.

### 1.8. زمانی جەستە و گرنگی لە پێشکەشکردنی گوتاردا:

بەشێوەیەکی گشتی، هونەری داڕشتن، ڕەوانبێژیی زمان، جادووی وشە و تۆنی دەنگ و دەنگی گڕ و گونجاو، بە تەنیا بەس نین، بۆ ئەوەی گوتارێکی بەهێزی پێشکەش بکرێت، بەڵکو بنەماکانی ڕاستگۆیی، نەشاردنەوەی ڕاستییەکان، خۆنەدزینەوە لە بەرپرسیارێتی، خستنەڕووی چارەسەری گونجاو و لۆژیکی بۆ کێشەکان و دۆزینەوەی جیگرەوەی باشتر بۆ ئەو شتانەی ڕەخنەی لێدەگرێت. هەموو ئەمانە لە بونیاتی گوتاردا گرنگن، بەڵام هێشتا دەشێت کاریگەری و هێزی گوتار و گوتاربێژ زیاتر دەربکەوێت، ئەویش بەکارهێنانی زمانێکی دیکەیە هاوسان لەگەڵ زمانە پاراوەکەی ئاخاوتن، کە زمانی جەستەیە. ((مەبەست لە (زمانی جەستە (Body Languageبەکارهێنانی (بە مەبەست و بێ مەبەستی) ئەندامەکانی دیکەی جەستە دەگرێتەوە لە کاتی قسەکردندا)) (پیز، 2014: 21)، بەڵام ئەوەی بەڵا ئێمەوە جێگەی بایەخە، بەکارهێنانی بەمەستی بەکارهێنانەکانی ئەم جووڵە جەستەییانەن، لەوانە: (چاوەکان، دەست و قاچ، سەر، شێوازی وەستان، ڕوخساری گشتی دەم و چاو (خەندەکرن، گرژی و تووڕەیی، سورهەڵگەڕان...) تاد، کە بەگشتی ئەمانە دەرخەری کەسێتی نێرەر/گوتاربێژ لە ڕووی دەروون دروستیی و کارامەییەوە دەردەخەن، لەلایەکی دیکە کاریگەری زۆر لەسەر وەرگر/ئامادەبووان دادەنێن، چونکە هەر جوڵەیەک دەشێت ببێتە مایەی چەندین شیکردنەوە و لێکدانەوەی جیاجیا بۆ گوتارەکە، بە واتایەکی دیکە زمانی جەستە لە گوتاردا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، چونکە بە ڕێگایەکی بەهێز و کاریگەر دادەنرێت بۆ گەیاندنی پەیام و کاریگەرکردنی سەر وەرگر/ ئامادەبووان، چونکە زۆرجار زمانی جەستە دەتوانێت زیاتر لە وشەکان واتادار بێت و کاریگەرییەکی بەهێزتریشی لەسەر بەرانبەرەکەی هەبێت، بەواتایەکی دیکە، کاتێ زمانی جەستە ئاوێتەی زمانی قسەکردن دەبێت، ڕۆڵێکی گەورەتر و کاریگەتر لەسەر ئەوانی دیکە/وەرگر دروست دەکات، بۆیە دەکرێت بایەخی زمانی جەستە لە گوتاردا لەم چەند خاڵە چڕبکەینەوە:

١/ رووستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ ئامادەبووان:

بەکارهێنانی زمانی جەستە وەک تەماشاکردنی چاو، خەندەکردن، یان نزیکبوونەوە لە ئامادەبووان دەتوانێت پەیوەندییەکی بەهێزتر و نزیکتر لە نێوان نێرە و وەرگر دروست بکات.

2/ ڕاکێشانی سەرنجی ئامادەبوان:

نێرەو بەهۆی زمانی جەستە و جوڵەکانی، دەتوانێت سەرنجی وەرگر/ ئامادەبووان ڕابکێشێت و نەهێڵێت بێزار بێت. بۆ

نموونە، جووڵەی دەستن یان گۆڕینی شوێن دەتوانێت سەرنجی ئامادەبووان بەرەو خۆی ڕابکێشێت.

3/ئاراستەکردن و گەیاندنی پەیام بە شێوەیەکی کاریگەر:

زۆرجار زمانی جەستە دەتوانێت واتای وشەکان بەهێزتر و کاریگەرتر بکات، تەنانەت هەندێکجار دەتوانێت بەهۆی ئەم زمانەوە گۆڕانکاری لە واتای فەرهەنگی وشەکانیشدا بکات، بۆ نموونە، بەرزکردنەوەی دەست/دەستەکان دەتوانێت نیشانەی هەستی بەهێزی بێت، لەکاتێکدا، کە ئاماژەی بۆ خواراوەکردنی دەستەکان نیشانەی نائومێدیی و بێهیواییە.

4/ پیشاندانی متمانە و خۆباوەڕبەخۆبوون:

شێوازی وەستانی ڕێک و مەزاوەیی گوتاربێژ و شێوازی جووڵەکانی چاوتیژی و نەتروکاندنی زۆر، سەیرکردنی گوێگران و ڕێکخستنی دەست و قاچی، دەتوانێت نیشانەی متمانە و خۆباوەڕی و جێگیری دەروونی بێت، بەپێچەوانەوە.

کەواتە زمانی جەستە یەکێکە لە گرنگترین ڕێگاکان بۆ گەیاندنی پەیام و کاریگەرکردنی سەر ئامادەبووان. بەکارهێنانی دروستی زمانی جەستە دەتوانێت گوتارەکەت بەهێزتر و کاریگەرتر بکات.

### 9.1. گوتاربێژ:

گوتاربێژ، هەندێکجار بە (وتاربێژ، یان ڕێکخەری گوتار)یش ناودەبرێت و کۆڵەگەی سەرەکییە لە گوتاردان هەیە، ئەویش کەسێکە کە بە شێوەیەکی ڕەسمی، یان ناڕەسمی لەبەردەم وەرگر-ان/ ئامادەبوو-ان دەئاخڤێت، جا ئەو کەسە دەتوانێت گوتاربێژێکی سیاسی، ڕاهێنەرێکی ڕۆشنبیری، مامۆستا، یان هەر کەسێکی دیکە بێت، کە بەرپرسیارێتی گەیاندنی پەیامێک، یان زانیارییەک لە ئەستۆدا بێت، یان پێی سپێردرابێت، پێگە و ڕۆڵی گوتاربێژیش لەوەدایە، کە بیرۆکەکانی خۆی بە شێوەیەکی کاریگەر بگەیەنێت و بتوانێت کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر وەرگر-ان/ ئامادەبوو-ان دروستبکات و بەرەو مەبەست و ئامانجی گوتارەکە ئاراستەیان بکات.

هەرچەندە هەموو تاکێک د مافی ئەوەی هەیە، دەتوانێت ببێتە گوتاربێژ، بەڵام (مەرجە ئەو تاکە توانایی زمانیی تەواو بێت، زمانی نەگرێت و تەتەڵەی زمانی نەبێت) (نعيم، 2011: 64)، واچاکیشە تەن و جەستەی دروست، چونکە وەک دەزانیین بە ئاوێتەبوونی زمانی جەستە لەگەڵ ئاخاوتندا، باشتر و کاریگەرتر و بەهێزتر دەبێت، گەرنا سەرنجی وەرگر هەندێک جار بۆ لایەکی دیکە دەڕوات، ئەمە جگە لەوەی دەبێت کەسایەتییەکی بەهێز و دامەزراوی هەبێت و پێشینەیەکی بەرچاوی لە کۆمەڵگەکەدا هەبێت.

### 10.1. شێواز و تایبەتمەندییەکانی گوتاربێژ و کاریگەری لەسەر سەرکەوتنی گوتاردا (تەکنیکەکانی گوتار):

کەسێتی گوتاربێژ یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان بۆ سەرکەوتنی لە گوتاردا، کەسێتی گوتاربێژ دەتوانێت کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر وەرگر-ان/ ئامادەبوو-ان دروستبکات و پەیامەکەی بە شێوەیەکی کاریگەرتر بگەیەنێت. بۆ ئەوەی کەسێک ببێتە گوتاربێژێکی سەرکەوتوو، دەبێت چەند تایبەتمەندییەکی تێدابێت، لەوانە: (کارنيجي، 2012: 48- 56) (الدجني، 2024: 97- 120) (الحوفي، 2003: 49- 87).

**1/ بابەتیبوون (زانیاری و شارەزایی لەسەر بابەت):** پێویستە پەیامی گوتارەکە دیاریکراوبێت، لەسەر گوتاربێژیش پێویستە زانیارییەکی باشی لەسەر بابەتە هەبێت و پاشخانێکی باشی لە زانیاریی بابەتییانەی هەبێت و پەیوەست بێت چوارچێوەی دیاریکراوی بابەتەکەوە.

**2/ توانای خۆئامادەکردن و پابەندبوون بە کات:** گوتابێژ دەبێت پێش گوتارەکە، خۆی بۆ بابەتەکە ئامادەبکات، زانیارییەکی باشی لەسەر بابەتەکە کۆ بکاتەوە، دواتر داڕشتن و ڕێکخستنی پێویست ئەنجامبدات، دەبێت هەوڵبدات گوتارەکەی پوخت و گونجاو بێت، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ناتەواوی لە پێکهاتەی گوتارەکەییدا هەبێت، دەبێت گوتارەکەی لەگەڵ کاتەکەدا یەکبخات و نەهێڵێت گوتارەکەی کورت، یان درێژ بێتەوە.

**3/توانای ڕێکخستنی بیرۆکەکان:** دەبێت بتوانێت بیرۆکەکانی بە شێوەیەکی ڕێک و پێکخراو پێشکەش بکات، لە (پێشەکی، بابەت، کرۆک و کۆتایی بابەت).

**4/ توانای دەربڕین و ڕوونکردنەوە:** دەبێت گوتاربێژ بتوانێت بیرۆکەکانی خۆی بە شێوەیەکی ڕوون و کاریگەر بگەیەنێت، وشەی زیادەی بێ مەبەست دەرنەبڕێت، وشە و ڕستە دەربڕاوەکانیش بە شێوەیەکی گونجاو و واتاداربن و کاریگەری لەسەر وەرگر دروستبکەن.

**5/ متمانە و خۆباوەڕی و توانای کۆنترۆلکردنی شەرم و دڵەراوکێ:** گوتاربێژێکی سەرکەوتوو دەبێت متمانەیەکی بەهێز بە خۆی هەبێت و بتوانێت بەشێوەیەکی ڕوون و بێ دڵەڕاوکێ قسە بۆ وەرگر-ان/ ئامادەبوو-ان بکات، دەبێت بتوانێت کۆنترۆڵی خۆی بکات و نەهێڵێت شەرم، دڵەڕاوکێ، ڕق، تووڕەیی کاریگەری لەسەری ڕێڕەوی گوتارەکە هەبێت، دەبێت بەوپەڕی پەرۆشیی و متمانە بەخۆبوونەوە قسە بکات.

**6/ توانای بەکارهێنانی زمانێکی کاریگەر:** دەبێت بتوانێت زمانێکی ڕوون و گونجاو و کاریگەر بەکاربهێنێت، بۆیە واچاکە زمان و شێوازارێک بەکاربێنێت، کە نزیک بێت تێگەیشتنی وەرگر-ان/ ئامادەبوو-ان، تاکو لەم ڕێگەیەشەوە سۆزییان بجوڵێنێت و کاریگەرییان لەسەر دابنێت.

**7/ دوورکەتنەوە لە ئاماژە خودییەکان:** واچاکە گوتاربێژ لە ئاماژەپێکراوەکانی خود: (جێناوە لکاوەکانی: م- مان،...، جێناوە سەربەخۆکان: من، تۆ، ئەم، ئەو...تاد)، دووربکەوێتەوە، مەگەر لە شوێنی پێویست و کاریگەر نەبێت بەکارییان نەهێنێت، لە بەکارهێنانیشدا دەبێت خۆی لابدات لە دووبارەبوونەوەی زۆر.

**8/ توانای ڕاکێشانی سەرنج:** دەبێت بە لێهاتووی خۆی بتوانێت سەرنجی بەرانبەر (وەرگر-ان/ ئامادەبوو-ان) ڕابکێشێت و نەهێڵێت بێزار بن، بۆ ئەمەش دەشێت سوود لە چەند تەکنیکێکی وەک (گێڕانەوە، پەند، پرسیارکردن، نوکتە، ئامێرەکانی تەکنەلۆژیی...تاد) وەربگرێت.

**9/ توانای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پشتگیریکەر:** واچاکە گوتاربێژ بۆ پشتگیریکردن لە گوتارەکەی بتوانێت ئامرازەکانی ڕوونکردنەوە (مایک، پاوەرپۆینت، ڤیدیۆ، یان وێنە...) بەکاربهێنێت، تاکو ئامادەبوان بێزار نەبن و گوتارەکەش کاریگەری چاوەڕوانکراو بەدەستبهێنێت.

**10/ توانای خۆگونجاندن:** گوتابێژ دەبێت بتوانێت خۆی لەگەڵ وەرگر-ان/ ئامادەبوو-ان بگونجێنێت و شێوازی گوتارەکەی بەپێی ئەو گۆڕانکارییە بکات، کە لە هەر بارودۆخێکدا (چاوەڕوانکراو، چاوەڕواننەکراو) دێنە پێش.

**11/ توانای گوێگرتن و وەڵامدانەوە:** گوتار بۆ وەرگرێکی دیاریکراو پێشکەشدەکرێت، بۆیە دەبێت گوێگر بێت بۆ پرسیار و ڕەخنەکانی وەرگر-ان/ ئامادەبوو-ان و بتوانێت بە شێوەیەکی لۆژیکیانە و زیرەکانە وەڵامیان بداتەوە.

هەموو ئەم تایبەتمەندییانە دەکرێت ببن بە تایبەتمەندی گوتارێکی و کاریگەر و گوتاربێژێکی سەرکەوتوو، کە کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر ئامادەبوان دروستبکات و پەیامەکەی بە شێوەیەکی کاریگەرتر بگەیەنێت، چونکە کەسێتی گوتاربێژ یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان بۆ سەرکەوتنی گوتار.

## 1-شرۆڤەکردنی چەند گوتارێکی (سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە کابینەی (نۆیەم)دا:

بەشێوەیەکی گشتی شیکاریی گوتاری (لە دەوری لێکۆڵینەوە لە زمان دەسوڕێنەوە،...زیاتر لە تەنها پەیوەندی زارەکی لەخۆدەگرێت...) (Saed; Omar، ٢٠٢٤، ١٧٤)، بەم پێیەش شرۆڤەکردنی گوتار بریتییە لە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە گوتارێک بە مەبەستی تێگەیشتن لە ناوەرۆک، شێواز و کاریگەرییەکانی، ئەم پرۆسەیەش یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە ئامانجی گوتارەکە و هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی لەسەر ئامادەبوان، چونکە وەکو دەزانیین؛ گوتار (چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، ڕێگا بە پەڕاندنەوەی هزر و مەعریفەت بۆ ناو کۆمەڵگە دەدات) (عەزیز؛ کەمال، 2022: 240).

لەم دیدگەیەوە (سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان) (مەسرور بارزانی)*، بەهۆی ئەو پێگە سیاسیی و کەسایەتییە

---

* مەسرور مەسعود مستەفا بارزانی، لە ١٩٦٩\٣\١٢ لە گوندی دیلمان لە ناوچەی باڵەکایەتی چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.لە هاوینی ساڵی ١٩٨٥ لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا پەیوەندی بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە و لە ریزی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوازەوە دەستی بەخەباتی چەکداری کردووە. ساڵی 1988 بەشداریی مەیدانیی داستانی بەنێوبانگی (خواکورک)ی کردووە لە دژی سوپای ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس و بە

بەرزەی هەیەتی، هەمووکات جێگەی ئومێد و هیوایە بۆ گەلی کورد، ئەمیش بەهۆی ئەو خزمەتەی، کە بە کاریزمایی و لێهاتوویی و خۆڕاگرییەی، کە لە ماوەی ئەم کابینەیەدا پێشکەشی هاونشیتمانییانی کرد، بە جۆرێک لە جۆرەکان توانی بەرگەی فشاری دەرەکیی و قەیرانە ئابووریی و تەندروستییەکانی وڵات ببێتەوە، چونکە وەک دەزانیین لەماوەی ڕابردوودا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و قووتی هاوڵاتییان و پێشمەرگە و پرۆژەکان و...، لەلایەن حکومەتی ناوەندی/عێراق، بە بیانووی جیاجیا بڕدران، هەروەها هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆناش بووە بارگرانییەکی دیکە لەسەر هەرێم، ئەمە جگە لەوەی لە ناوخۆشدا هەمیشە هەوڵدراوە حکومەت ڕووبەڕووی تۆمەت بکرێتەوە، بەڵام بە کارزانی و کۆڵنەدانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم تونرا بە باشترین شێوە خزمەت بە هاونشیتمانییان بکرێت و لە تەواوی بوارەکاندا کابینەیەکی سەرکەوتوو بێت، وەک: (ئابووری، شارستانی، پەروەردەی، تەندروستی...لەوانەش پرۆژەی خزمەتگوزاری و دروستکردنی چەندین پۆند و سایلۆ و قوتابخانە و مزگەوت و خانوو بۆ کەم دەرامەت و بنەماڵەی شەهیدان...، هەناردەکردنی نەوت و هەنار و هەنگوین و گوێز و...ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، بوژانەوەی بازاڕی کار بۆ گەنجان و بە ئەلیکترۆنیکردنی دامەزراوەکان و...تاد)، ئەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکاندا بووە جێگەی بایەخی ناوەخۆ و دەرەوە، بۆیە دەبێت کاریزمایی و ڕۆڵی هەمیشە لەپێش چاو بگیرێت.

وەک دەشزانیین لە زۆرینەی ئەو پرۆژە و خزمەتە جۆربەجۆرانەدا لە تەواوی بوارەکاندا، کە لە ماوەی ئەم کابینەیەدا بەجێی گەیاندوون، جۆرێک لە جۆرەکان گوتارێکی پێشکەش بە ئامادەبوان/لایەنی پەیوەندیدار و ڕای گشتی کردووە، کە دەنگدانەوەی بە دوای خۆیدا هێناوە، لەم ڕوانگەیەوە لەژێر ئەم باسانەی پێشووتر چوار لە گوتارەکانی بۆ بوارە گرنگەکانی کۆمەڵگە شرۆڤە دەکەین.

### 1.2. نموونەی یەکەم:

لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانییدا، لە (ڕۆژی پێنجشەممە 3ی ئازاری 2022)دا، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان باس لە دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی و مافە دەستوورییەکانی هەرێم و دوایین گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە کرد (بارزانی: 3/3/ 2022).[1]

#### 1.2.1. شرۆڤەی گوتاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

گوتارەکە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانییدا لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشکەش کرا، کە باس لە چەندین بابەتی سەرەکی سیاسی، دارایی و دەستووری دەکات.

#### 1/ ئامانجی سەرەکی گوتارەکە:

ئامانجی سەرەکی گوتارەکە بریتیین لە:

- ڕوونکردنەوەی هەوڵەکانی حکومەت بۆ پاراستنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

---

کامێرای تایبەتی خۆی بەشێکی نەبەردییەکانی تۆمار کردووە، ساڵی 1991 لە دوای شەڕی یەکەمی کەنداو بەشداری لە ڕاپەڕینی گەلی کوردستان کردووە.ساڵی 1992 بۆ فێربوون و شارەزابوون لە زمانی ئینگلیزی رووی لە لەندەنی پایتەختی شانشینی بەریتانیا کردووە و بۆ ماوەی ساڵێک لەوێ خوێندوویەتی. بۆ درێژەدان بە خوێندن رووی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کردووە و لە زانکۆی ئەمەریکا لە واشنتۆن دی سی (1993– 1997) دەستی بە خوێندن کردووە و بە سەرکەوتوویی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستە سیاسییەکان بەدەست هێناوە.دواتر لە هەمان زانکۆدا بۆ بەدەستهێنانی بروانامەی ماجستێر لە بواری ئاشتی و چارەسەری ناکۆکییەکان خوێندوویەتی. بە فەرمانی بەڕێز (مەسعوود بارزانی– سەرۆکی هەرێمی کوردستان)، بە بڕیاری ژمارە (68) لە 30/ 4/ 2012 بۆ سەرپەرشتیکردنی دەزگاکانی ئاسایش، هەواڵگریی سەربازی و دامەزراوە هەواڵگرییەکان بە ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دامەزراند. لە 12/ 2019/6 بە فەرمانی هەرێمیی ژمارە (1ی ساڵی 2019) لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی (٩)ی حکوومەتی هەرێمی کوردستان راسپێردراوە. https://gov.krd/government/the-prime-minister

[1] https://www.youtube.com/watch?v=tXhUmi0_x_o

https://gov.krd/government/the-prime-minister/activities/posts/2022/march/%D%8B%3DB9%

- بەرگریکردن لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.
- نەهێشتنی بودجە لەلایەن بەغدا: ڕەخنە لە سیاسەتی فیدراڵی عێراق و نەناردنی پارەی هەرێم.
- ڕووبەڕووبوونەوەی پێشێلکارییەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق.
- ڕوونکردنەوەی بارودۆخی سیاسیی و ئابووری هەرێمی کوردستان
- کێشەی مووچە و خزمەتگوزارییەکان: ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان مووچە و خزمەتگوزارییەکان.

### 2/ شرۆڤەی پێکهاتەی گوتارەکە:

بەشێوەیەکی گشتی گوتارەکە پێکهاتەیەکی ڕێکوپێکی هەیە، بەم شێوەیە:

1- پێشەکی:

- سەرنجراکێشانی ئامادەبووان: لە سەرەتادا بە گەرمی بەخێرهات کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکات.
- ناساندنی بابەت: سەرۆکی حکومەت دەمانباتەوە بۆ ساتی وەرگرتنی دەسەڵاتی حکومەت، دەڵێت: ((من لەوە دەستپێدەکەم کە لە ڕۆژی 10ی 7ی 2019، ئەو ڕۆژەی کە سوێندی یاساییم خوارد، بەرگری لە هەموو مافە دەستوورییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەم...)) (بارزانی: 3/3/ 2022)، دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە هەر لەپێناو ئەم مافانە کۆشاون و بەردەوامیشن، بۆیە دەڵێت: ((ئێمە دەبینین کە چەندین مافی دەستووری خەڵکی کوردستان و هەرێمی کوردستان پێشێل کراون و پێشێل دەکرێن، لەبەر ئەوە ئەرکێکی دەستووری و یاسایی ئێمەیە ئەو ئەمانەتەی کە کەوتووەتە سەر شانی ئێمە، پێویستە بەرگری لێبکەین و بەرگری لە مافەکانی خەڵکی خۆمان بکەین)) (بارزانی: 3/3/ 2022).

2- کرۆک:

سەرۆکی حکومەت دواتر ئاماژە بە پێشێلکارییە دەستوورییەکانی حکومەتی فیدراڵی دەکات و باسی مافەکانی هەرێم دەکات، بەم شێوەیە:

- بیرۆکەی سەرەکی:

1. پێشێلکردنی ماددەکانی دەستوور: پێشێلکردنی ماددەکانی (١١٠، ١١٢، ١١٥) لەلایەن حکومەتی فیدراڵی.
2. کێشە داراییەکان: بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و کاریگەرییەکانی ئەمە لەسەر خزمەتگوزارییەکان.
3. ڕۆڵی دادگای فیدراڵی: ڕەخنە لە بڕیارە نادەستوورییەکانی دادگای فیدراڵی وەک بڕیاری نەوت و غاز.
4. داواکاری چاکسازی: جەختکردنەوە لەسەر پێویستی گفتوگۆی نێوان هەرێم و بەغدا بۆ چارەسەری کێشەکان.

3- کۆتایی:

- کورتکردنەوەی بیرۆکەکان: جەختکردنەوە لە گرنگی پاراستنی دەستوور و مافەکانی هەرێم.
- پەیامی ئاشتیخوازیی: پشاندانی نیازپاکی حکومەتی هەرێم و داوای ئاشتیخوازیی و ڕێککەوتن، وە داواکردن لە خەڵکی کوردستان و عێراق بۆ یەکێتی و پشتگیریکردن لە دادپەروەری.

### 3/ تایبەتمەندییەکانی گوتارەکە:

1. زمانی سیاسیی و یاسایی:

- بەکارهێنانی تێرمینی دەستووری (وەک ماددەکانی ٩٢، ١١٠، ١٣٢) بۆ پشتگیریکردن لە ئارگومێنتەکان.
- ڕوونکردنەوەی ڕەوشتی حکومەتی فیدراڵی و پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا.

2. بەڵگە و داتا:

- ئاماژە بە ژمارە و ڕاپۆرتە داراییەکان، وەک: (200 ملیار دۆلار، 27 ملیار دۆلار، 80%ی داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ مووچەخۆران تەرخانکراوە، مووچەخۆرانیش 20%ی دانیشتووانی هەرێمن، 15%ی بۆ خەرجییەکانی بەڕێوەبردن و خزمەتگوزاری تەرخان کراوە، تەنیا کەمتر لە 5% بودجە بۆ پەرەپێدانی وڵات دەمێنێتەوە...تاد) (بارزانی، 2022/3/3).

- باس لە قەرزەکانی هەرێم لە ساڵانی (٢٠١٤– ٢٠١٧) بەهۆی نەناردنی بودجە، کە دەکاتە (٢٧) ملیار دۆلار.
3. هەستپێکردن و ڕەخنە:
- شێوازی هەستپێکراو: بەکارهێنانی وشەکانی وەک: "پێشێلکاری، نادادپەروەری و هاوکاری،...تاد"، گوزارشتی ڕوونی هەستپێکراون لە گوتارەکەدا.
- ڕەخنە لە حکومەتی فیدراڵی: جەختکردنەوە لەسەر بێ خەمی حکومەتی فیدڕال-بەغدا لە جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستوور وەک خۆی.
4. ئامانجی گوتارەکە:
هەڵبەتە ئەم گوتارە بە مەرامی بەدیهاتنی چەند ئامانجێک پێشکەشکراوە، لەوانە:
- ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان: پیشاندانی ئەوەی، کە هەرێم قوربانی سیاسەتی چەوت و نادادپەروەری بەغدایە.
- هاندانی هاوکاری: داواکردن لە خەڵکی عێراق بۆ پشتگیریکردن لە مافەکانی هەرێم.
- پەیامی چارەسەر: ئامادەیی دەربڕین بۆ دانوستان، بەمەستی چارەسەرکردنی ڕیشەیی کێشەکان.

**٤/ کاریگەرییەکانی گوتارەکە:**
- ڕوونکردنەوەی پێشێلکارییەکان: گوتارەکە وەک پەیامێکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکابوو، بۆ ڕوونکردنەوە لەسەر کێشەکانی هەرێم و بەغدا.
- هاندانی یەکێتی: سەرۆک بارزانی بە شێوازێکی زیرەکانە پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتیان دروستدەکات و فشاری سیاسی لەسەر بەغدا زیاددەکات.
- هانی خەڵکی کوردستان دەدات، ئارامگربن و بۆ پاڵپشتی حکومەتی هەرێم.
- فشاری نێودەوڵەتی: ڕەخنەگرتن لە حکومەتی فیدراڵی، دەتوانێت فشاری نێودەوڵەتی دروستبکات.
- چاکسازیی کارگێڕی: شێوازێکی ڕوون و یاسایی بۆ خەرجیی حکومەت.
- فرەچەشنکردنی ئابووری: پشت نەبەستن بە نەوت و گەڕان بۆ سەرچاوەکانی تر.
- یەکڕیزی ناوخۆیی: داواکردن لە هاووڵاتیان و لایەنەکان بۆ پشتگیری.

بەگشتی گوتارەکە ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لە ئاستەنگی نێوان هەرێم و بەغدا و پێویستی چارەسەری خێرا بۆ کێشەکان بکرێت، تاکو چیتر هاونشتیمانییانی کوردستان نەبنە قوربانی ئەم سیاسەتە چەوت و چەپگیرییەی حکومەتی فیدڕاڵ.
**5/ شێواز و زمانی گوتارەکە:**
- جددی و تۆندی:
گوتارەکە بە زمانێکی جددی و تۆند پێشکەشکراوە، کە نیشاندەری ئیرادەیەکی بەهێزە، بەرانبەر حکومەتی فیدڕاڵی، ئەمەش دەکرێت لە جیهانی ڕاستەقینەدا بە چوستی دەست، ڕێکبوونی شانەکان و چاوەڕوانی ڕوون هەڵبگیرێت، نموونە: کاتێک دەڵێت: "بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری یەک مافی دەستووریی خۆمان نابین! " (بارزانی، 2022/3/3)

- نەرم و پرسۆز:

بەکارهێنانی زمانێکی نەرم و سوپاسگوزار لەسەر خۆڕاگری و پشوودرێژی فەرمانبەر و مووچەخۆرانی هەرێم لە دواکەوتنی موچەکانییان.



وێنەی ١
بەکارهێنانی زمانی جەستە لە لایەن (سەرۆکی حکومەتی هەرێم)، لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانییدا

**6/زمانی جەستە لە گوتارەکە:**

لەم گوتارەدا زمانی جەستەی بە شێوەیەکی کاریگەر بەکارهێنراوە، کە تێکەڵەیەکە لە جددی و ڕوونی، بەمەش سەرۆکی حکومەت توانیوویەتی باشتر کاریگەری بخاتە سەر ئەوانی دیکە، لێرەدا چەند خاڵێک لە زمانی جەستەی ناو گوتارەکە ڕوون دەکەینەوە:

1. جووڵە و پۆزێتی جەستە:

– وەستانی ڕێک و باوەڕپێکراو:

گوتارەکە بە ڕێکی پێکهاتەیی و پشتگیری لە بەڵگەکان نووسراوە، کە دەکرێت لە جیهانی ڕاستەقینەدا بە وەستانی ڕێک، دەستی کراوە (نیشانەی ڕوونیکردنەوە)، گوێگرتنێکی چالاک هەڵبگیرێت. نموونە: "ئەم ڕاپۆرتەش بە هاوکاری و هەماهەنگی تەواو لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە کراوە" (بارزانی، 2022/3/3).

– جووڵەی دەست بۆ ڕوونکردنەوە و پیشاندان:

بەکارهێنانی لیستی خاڵەکان (وەک (١، ٢، ٣...)، یان جەختکردنی ژمارەکان (وەک (٢٠٠ ملیۆن دۆلار...) دەکرێت، لە جیهانی ڕاستەقینەدا بە دەستی بەرزکراو، یان فینگەرکێشی سەر شاشە هەڵبگیرێت. بۆ نموونە لە کاتی گوتنی ئەم ڕستەیە ئاماژەی دەست بەکاردێنێت و دەڵێت: "لە ساڵی ٢٠٢٢ کە ئێمە ئێستا لە مانگی ٣داین، یەک مانگیش حکومەتی فیدراڵی، ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستانی نەناردووە." (بارزانی، 2022/3/3)، یان: "لە ساڵی ٢٠١٤ تاکو ٢٠١٧، یەک فلس لە بودجەی حکومەتی فیدراڵی بۆ هەرێم نەهاتووە." (بارزانی، 2022/3/3).

2. چاوەڕوانی و پەیوەندی چاو:

– ڕوونیکردنەوەی ڕاستەوخۆ:

وەک لە گوتارەکە زۆرجار جووڵەی سەر و چاو بەکاردەهێنێت، بۆ پیشاندانی حاڵەتەکان، بۆ نموونە: "ئەوەی ئێمە باسی دەکەین تەنیا مافی خۆمان نییە، مافی هەموو عێراقە!" (بارزانی، 2022/3/3)، لێرەدا سەر و چاوەکانی بە ئاراستەی خۆی و بەرەو خوار دەجوڵێنێت.

3. تۆنی دەنگ:

بە گوێگرتن لە گوتارەکە، دەکرێت بگوترێت: بەگشتی گوتارەکە لە تۆنێکی بەهێز و هیوابەخشەوە دەستپێدەکات، بەڵام لە هەندێک خاڵدا تۆنێکی نیگەران، یان ڕەخنەگرانەی توند بەکاردەهێنێت، ئەمەش دەکرێت لە جیهانی ڕاستەقینەدا بە گۆڕانی خێرایی قسەکردن، یان کێشانی کاتی پشوودان هەڵبگیرێت، نموونە: "بەڕێزان، ئەمە تەنیا دەستپێکە... حکومەتی فیدراڵی پێویستە وەڵامی ئەم پێشێلکارییانە بداتەوە!" (بارزانی، 2022/3/3).

**2.2. نموونەی دووەم:**

سەرۆکی حکومەت لە مەراسیمی (دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی بەبازاڕکردنی گەنمی جووتیاران)دا لە (ڕۆژی دووشەممە، ڕێککەوتی 2020/11/2) لە پارێزگای هەولێر گوتارێکیدا، کە تیایدا ئاماژەی بەوە، کە، "دەمانەوێت خەڵکی کوردستان ببنە بەرهەمهێنەر و تەنیا بەکارهێنەر نەبن"(بارزانی، 2020/11/2)[2].

**2.1.1.شرۆڤەی گوتار:**

لەم دیدگەیەوە شرۆڤەی گوتارەکە دەکەین:

**1/ پێکهاتەی گوتارەکە:**

پێکهاتەی گوتراەکە بەم شێوەیەیە:

1. دەستپێک و پێشەکی گوتار:

باسی گرنگیی پرۆژەکەی کرد، کە ئەم پرۆژەیە ستراتیژییە و دەبێتە هۆی دابینکردنی ئاسایشی خۆراکی بۆ خەڵکی کوردستان و سەرچاوەیەکی دیکەی داهات و بژێوی، بۆیە گرنگی ئەم پرۆژەیەشی بەستتەوە بەمێژووی کشتوکاڵکردن لە کوردستان.

1- پەیوەندی مێژوویی خەڵکی کوردستان بە کشتوکاڵکردنەوە:

بارزانی باسی ئەوە دەکات، کە کشتوکاڵ پەیوەندییەکی دێرین و مێژوویی لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا هەیە، ئەویش کاتێک باس لە (ئەشکەوتی شانەدەر) دەکات؛ کە لەوێدا شوێنەواری گەنم و گژوگیا دۆزراوەتەوە و نیشانەیەکە لەوەی کە مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە پەیوەندییان بە کشتوکاڵەوە هەبووە، هەروەها باسی (گوندی چەرموو) دەکات؛ کە یەکێکە لە کۆنترین گوندەکانی جیهان و خەڵکی ئەو گوندە کشتوکاڵیان کردووە، بۆیە بە پشتبەستن بەم بەڵگانە ئەوە دەخاتەڕوو، کە کشتوکاڵ بەشێکی گرنگە لە ژیان و کلتوری خەڵکی کوردستان.

2- بارودۆخی کشتوکاڵکردن لە کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا:

لە بەشێکی گوتارەکەییدا باس لەوە دەکات؛ کە کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی ڕووداوە ناخۆشەکانی وەک: ڕاگوازستن، ئەنفال و کیمیابارانکردن،... تاد، زیانێکی زۆر بەر کشتوکاڵ و جووتیاران کەوت، دواتر باس لە خاکی کوردستان دەکات، کە زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکان وێران کراون و جووتیاران ناچاربوون گوندەکانیان جێبهێڵن و بچنە ناو کەمپە زۆرەملێکان، ئەمەش وایکردووە؛ بەرهەمی کشتوکاڵی کوردستان کەم بێت و خەڵک نەتوانێت بە باشی سوود لەو سەرچاوانە وەربگرێت.

2. کرۆک و مەبەستی گوتارەکە:

هەڵبەتە کرۆکی ئەم گوتارە لە پێناو ئامانجێکی سەرەکییدابوو، ئەویش: پرۆژەی بەبازاڕکردنی گەنمی جوتیارانە:

سەرۆکی حکومەت لە بەشێکی دیکەی گوتارەکەدا، ئاماژەیە (پرۆژەی گەنمی جوتیاران) دەکات، باس لەوە دەکات؛ پرۆژەکە

[2] https://www.youtube.com/watch?v=qHxZ4-RNj58
https://www.kurdistan24.net/ckb/story/87113

یەکێکە لە پڕۆژە ستراتیژییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە؛ کە ئاسایشی خۆراکی بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکات، گرنگتر لەوەش هیواخوازە ئەم پرۆژانە یارمەتی جوتیاران بدات و وایان لێبکات، تەنیا بەکارهێنەر نەبن، بەڵکو ببنە بەرهەمهێنەر و بتوانن گەنم بۆ دەرەوەش دابینبکەن، لەم بوارەشدا هەوڵەکانی حکومەت بۆ بەهێزکردنی کشتوکاڵ دەخاتەڕوو، بەواتایەکی دیکە، سەرۆکی حکومەت باس لەوە دەکات، کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵدەدات داهاتەکانی کوردستان جۆراجۆر بکات و گرنگییەکی تایبەت بە کەرتی کشتوکاڵی بدات. ئەو باسی ئەوە دەکات؛ کە حکومەت هەوڵدەدات گوند و دێهاتەکان ئاوەدان بکاتەوە و یارمەتی جوتیاران بدات، تا بتوانن بەرهەمەکانیان بە باشی بەبازاڕ بکەن.

3. کۆتایی گوتارەکە:

کۆتایی گوتارەکە پەیوەستبوو بە هۆشیارییدان لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، چونکە وەک دەزانیین ئەم پرۆژەیە لە کاتێکدابوو، کە (ڤایرۆسی کۆرۆنا) تەنگی بە جیهان هەڵچنیبوو، لە کوردستانیشدا چەندین کەسی بە ئەزموون و ئەزیزمان لەدەستدا، بۆیە بە هەستکردن بە لێپرساوییەتی خۆی-سەرۆکی حکومەت لە بەشێکی گوتارەکەییدا، داوای لە خەڵک کرد، گرنگییەکی زۆر بە خۆپاراستن و پاراستنی تەندروستی خۆیان بدەن، ئەو باسی ئەوە دەکات؛ کە ئەم ڤایرۆسە زیانی زۆری بەر خەڵک گەیاندووە، بۆیە داوایکرد هاونیشتمانییان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کەم بکەنەوە و ڕێنماییەکانی تەندروستی بەدواداچوون بکەن.

دواتریش سوپاسی هەموو ئەو کەسانەی کرد، کە لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەدا بەشداربوون، هیوای سەرکەوتنی بۆ کوردستان و جوتیاران خواست، دواجاریش باسی لەوەکرد، ئەم پرۆژانە دەتوانن یارمەتی ئاوەدانکردنەوە و بەهێزکردنی ئابووری کوردستان بدەن و ببنە سەرچاوەیەکی دیکەی داهات.

گوتاری مەسرور بارزانی- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە مەراسیمی دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی بەبازاڕکردنی گەنمی جوتیاران، تەکنیک و شێوازێکی تایبەتی بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بە شێوەیەکی کاریگەر. لەم شیکردنەوەیەدا، هەوڵدەدرێت زمانی جەستە، شێواز، تەکنیک، و زمانی گوتارەکە بە وردی شیکردنەوە بکرێت.

**1/ زمانی جەستە:**

لەم گوتارەدا زمانی جەستەی بەشێوەیەکی کاریگەر بەکارهێنراوە، بەمەش سەرۆکی حکومەت توانیوویەتی باشتر کاریگەری بخاتە سەر ئەوانی دیکە، لەوانەش: کاتێک دەستەکانی خۆی و جوڵەی سەر و چاو پەیامەکانی خۆی بەشێوەیەکی ڕوون و بەکارهێناوە، بۆ نموونە: کاتێک باسی گرنگیی پرۆژەکە دەکات، دەستەکانی بە شێوەیەکی پتەو و بەهێز بەرز دەکاتەوە، کە ئەمەش نیشانەیەکە لەوەی، کە ئەم پرۆژەیە چەندین گرنگیی هەیە، هەروەها کاتێک باسی ئەنفال و کیمیابارانکردن دەکات، چاوەکانی بەشێوەیەکی خەمبارانە دەجوڵێنێت، کە ئەمەش نیشانەیەکە لەوەی کە ئەو ڕووداوانە زیانێکی زۆریان بەر کوردستان گەیشتووە.

**2/ شێواز و زمانی گوتارەکە:**

شێوازی گوتارەکە ڕوون و سەرنجڕاکێش و کاریگەرە، ئەو بە شێوەیەکی سادە و ڕاستەوخۆ قسە دەکات، لە بەکارهێنانی زمانی ئاڵۆز خۆی دوور دەخاتەوە، ئەمەش وادەکات؛ گوتارەکەی بۆ هەموو کەسێک لە هەر قۆناغێکی کۆمەڵایەتییدا بێت، لەبار و گونجاو بێت، ئەمە جگە لەوەی شێوازی گوتارەکە بە شێوەیەکی پەرەسەندوو و ڕێکوپێک پێشکەشکراوە.

**3/ تەکنیک:**

بارزانی لە گوتارەکەیدا چەندین تەکنیکی بەکارهێناوە بۆ کاریگەرکردنی گوتارەکەی:

بەکارهێنانی نموونەی مێژوویی: ئەو باسی ئەشکەوتی شانەدەر و گوندی چەرمووی کردووە، کە ئەمەش یارمەتی دەدات

کە پەیوەندی مێژوویی خەڵکی کوردستان بە کشتوکاڵ ڕوون بکاتەوە.
بەکارهێنانی داتا و زانیاری: ئەو باسی (50) هەزار ساڵی کردووە، کە کشتوکاڵ لە ناوچەکەدا هەبووە، ئەمەش نیشانەیەکە لەوەی کە کشتوکاڵ چەندین ساڵە لە کوردستاندا بوونی هەبووە.
بەکارهێنانی وشە هیوابەخشەکان: ئەو باسی ئەوە دەکات، کە ئەم پرۆژانە دەتوانن یارمەتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بەهێزکردنی ئابووری بدەن، کە ئەمەش وای لێدەکات کە گوتارەکەی بە شێوەیەکی هیوابەخش دەربڕدرێت.

**٣.٢. نموونەی سێیەم:**

بە ئامادەبوونی (مەسرور بارزانی)، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، (ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی 2024/9/4) ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی (یەکەمین ڕاپۆرتی ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە کەرتی گشتیی) کە لەلایەن (دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان) ئامادەکرابوو، بەڕێوەچوو، دواتر گوتارێک لەلایەن سەرۆکی حکومەت پێشکەشکرا، جەختی لەوە کردەوە، کە "ئیرادەیەکی بەهێزمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی هەیە "(بارزانی، 2024/9/4).[3]

**3.2.1. ڕوانگەی شێواز و تەکنیک بنەماکانی گوتاردان، شرۆڤەی ئەم گوتارە دەکەین:**

**١/ ئامانجی گوتارەکە:**

گوتارەکە لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (مەسرور بارزانی)، لە ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی یەکەمین ڕاپۆرتی ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە کەرتی گشتی پێشکەش کراوە. ئامانجی سەرەکی گوتارەکە بریتییە لە:

- ڕوونکردنەوەی هەوڵەکانی حکومەت بۆ شەفافیەت و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.
- پشتگیریکردن لە دەستەی دەستپاکی و ڕۆڵی ئەم دەستەیە لە ململانێکردن لەگەڵ گەندەڵی و گەندەڵکاران.
- هاندانی هاوکاری لە نێوان حکومەت و کۆمەڵگە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

**2/ پێکهاتەی گوتارەکە:**

گوتارەکە پێکهاتەیەکی ڕێک و پێکخراوی هەیە، کە بریتییە لە:

1.پێشەکی:

سەرۆک بە شێوەیەکی فەرمی و پڕ لە ڕێز بەخێرهاتنی میوانەکان دەکات و دەستخۆشی لە دەستەی دەستپاکی دەکات، بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە.

2.کرۆک:

لە ناوەڕاستی گوتارەکەییدا باس لە هەوڵەکانی حکومەت دەکات بۆ:

– برەودان بە شەفافیەت و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.
– ئاماژە بە چەندین پرۆژە و یاسای چاکسازی دەکات، وەک بەدیجیتاڵکردنی کاروباری حکومەت و چاکسازی سیستەمی بانکی.
– گرنگی هاوکاری نێوان حکومەت و کۆمەڵگە دەکات، بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

3.کۆتایی:

لەکۆتاییدا بە جەختکردنەوە لەم خاڵانەی سەرەوە، هیوای سەرکەوتنی زیاتر و بەردەوامی بۆ هەوڵەکانی تیمی حکومەت لە کابینەی (9) دەخوازێت و دووبارە دەستخۆشی لە دەستەی دەستپاکی دەکات.

[3] https://www.ava.news/news/12655
https://gov.krd/government/the-prime-minister/activities/posts/2024/september/%

**3/ شیکردنەوەی شێواز و زمان:**

زمانی گوتارەکە: سەرۆکی حکومەت بە زمانێکی فەرمی و پاراو و پڕ لە ڕێز و قسە دەکات، بە جۆرێک هیوایەکی زۆر لە قسەکانی بەدیدەکرێن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی و یە ئەلیکترۆنی کردنی کاروباری دامەزگاکانی حکومەت، ئەمەش کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر ئامادەبوان دروست دەکات.

شێوازی گوتارەکە: شێوازەکەی فەرمییە و بە شێوەیەکی ڕوون و ڕەوان بیرۆکەکەی لە ڕێگەی وشەکانەوە دەردەبڕێت، ئامادەبوان بە ئاسانی لێی تێدەگەن و پێویستییان بە ڕاڤەی دیکە نییە.

تەکنیکەکان: لەم گوتارەدا بۆ گەیاندنی پەیامەکە، تەکنیکی چیرۆکگێڕان و هاندەری بەکارهێنراوە. بۆ نموونە، کاتێک دەڵێت: "ئێمە خواست و ئیرادەیەکی بەهێزمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی هەیە" (بارزانی، 2024/9/4).

**4/ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گوتارەکە:**

بیرۆکە سەرەکییەکان: بیرۆکەس سەرەکی ئەم گوتارە ئەمانەن: گرنگی شەفافیەت و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، هاوکاری نێوان حکومەت و کۆمەڵگە و پشتگیریکردن لە دەستەی دەستپاکی، بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆکی حکومەت، بەڵگەی زۆری بۆ پشتگیریکردن لە بیرۆکەکانی بەکارهێناوە، وەک ئەوەی، کە حکومەت چەندین پرۆژە و یاسای چاکسازی جێبەجێکردووە، دواتر باس لە هاوبەشی نێوان حکومەت و کۆمەڵگە دەکات و دەڵێت کە پێویستە هەموو چینەکانی کۆمەڵگە بەشدار بن لە ململانێکردن لەگەڵ گەندەڵی.

**5/ شیکردنەوەی کاریگەری گوتارەکە:**

کاریگەری گوتارەکە لەسەر ئامادەبوان: بەهۆی ئەو دەربڕین و هەست و سۆز و گەرموگوڕییەی لە کاتی گوتاردان و بە گوتەکانی سەرۆکی حکومەت دەبینرێت، کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر ئامادەبوان دروستکردووە، ئەمەش لە ڕوخساری ئامادەبوان دەخوێندرێتەوە، بەم جۆرە دڵ و دەروونی تاک و کۆمەڵگە و پڕ لە هیوا دەکات هانیان دەدات بۆ پشتگیریکردن و بەشداریکردن لە هەوڵەکانی حکومەت بۆ ململانێکردن لەگەڵ گەندەڵی وسەرخستنی پرۆژەکانی دیکە.

**6/ زمانی جەستە لە گوتارەکەدا:**

بەشێوەیەکی گشتی زمانی جەستە لە گوتارەدا بەشێوەیەکی باش و بەرچاو بەکارهاتووە، لەوانە:

1. تەماشاکردن و جوڵاندنی چاو:

لە گوتارەکەدا، سەرۆک بە شێوەیەکی گەرم و پڕ هەست قسە دەکات، بۆ نموونە، کاتێک دەڵێت: "بەخێرهاتنێکی تایبەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان دەکەم" (بارزانی، 2024/9/4)، ئەمە نیشانەیەکی ڕوونە کە سەرۆک بە چاوی گەرم و پڕ هیوا سەیری ئامادەبوان دەکات.

2. جووڵەی دەست:

سەرۆک بە شێوەیەکی گەرم و پڕ هەست قسە دەکات و ئەمە دەردەکەوێت لە ڕێگەی وشەکانەوە. بۆ نموونە، کاتێک دەڵێت: "دەستخۆشی لە دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان دەکەم" (بارزانی، 2024/9/4)، ئەمە نیشانەیەکی ڕوونە کە سەرۆک دەستی درێژ دەکات بۆ دەستخۆشی کردن لە دەستەی دەستپاکی.

3. شێوازی وەستان:

سەرۆک بە شێوەیەکی ڕێک و پێکخراو قسە دەکات و ئەمە دەردەکەوێت لە ڕێگەی وشەکانەوە، بۆ نموونە کاتێک دەڵێت: "بێگومان ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و سنووردانان بۆ بەهەدەردانی سامانی گشتیی، بەشێکی گرنگی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە" (بارزانی، 2024/9/4)، ئەمە نیشانەیەکی ڕوونە کە سەرۆک بە شێوەیەکی ڕێک و پێکخراو وەستاوە و بە متمانە قسە دەکات.

4. خەندەکردن:
سەرۆک بە شێوەیەکی گەرم و پڕ هەست قسە دەکات و ئەمە دەردەکەوێت لە ڕێگەی وشەکانەوە. بۆ نموونە، کاتێک دەڵێت: "جێی خۆشحاڵییە، کە بەشێکی زۆری ئەو داواکاری و ڕاسپاردانەی لەم ڕاپۆرتەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئاماژەیان پێدراوە" (بارزانی، 2024/9/4)، ئەمە نیشانەیەکی ڕوونە کە سەرۆک بە خەندەوە قسە دەکات و هیوای سەرکەوتنی هەوڵەکانی حکومەت دەخوازێت.
5. جووڵە:
سەرۆک بە شێوەیەکی گەرم و پڕ هەست قسە دەکات و ئەمە دەردەکەوێت لە ڕێگەی وشەکانەوە. بۆ نموونە، کاتێک دەڵێت: "هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی بەرنامە چاکسازییەکانی بۆ پەرەپێدانی شەفافیەت و دادپەروەری و ڕێگەگرتن لە بەفیڕۆدانی سامانی گشتی" (بارزانی، 2024/9/4)، ئەمە نیشانەیەکی ڕوونە کە سەرۆک بە شێوەیەکی گەرم و پڕ هیوا جووڵە دەکات و بە متمانە قسە دەکات.

### 4.2. نموونەی چوارەم:
بەبۆنەی ئاهەنگی دەرچوونی قوتابییانی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر- (خولی 42/ زانست، داهێنان و بنیادنان)
ئەم گوتارە لە (ڕۆژی هەیینی ڕێککەوتی 2024/10/11)، بە ئامادەبوونی سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری کۆلێژەکان و بەشێک لە بەرپرسانی حکومی و کەسوکاری قوتابییان لە (یاریگای شەهید فەرەنسۆ هەریری)ی لە هەولێر ئاراستەی مامۆستایان و دەرچوان و کەسوکاریان کرا (بارزانی، 2024/10/١١)[4].
وەک دەزانرێت بواری پەروەدە و خوێندن یەکێکە لەو بوارە هەرە گرنگ و هەستیارانەی، کە ڕۆڵێکی بەرچاو و گەورەی لە پێخستن و گۆڕانکاری ژیان و ژیاری کۆمەڵگە هەیە، چونکە دواڕۆژی وڵات دەکەوێتە ئەستۆی ئەم نەوانەی ئەمڕۆکە پەروەردە دەکرێن، بۆیە پێدانی پەیامێک بەو ڕۆڵانەی ساڵانێکە دەخوێنن و خزمەتدەکرێت بەمەبەستی دواڕۆژێکی پڕشنگدار بۆ خۆیان و ماڵبات و کۆمەڵگە ونەتەوەکەیان بە پێویست دەزانرێت، هەر بۆیە سەرۆکی حکومەت بە هەستکردن بەم بەرپرسیارییەتییە ساڵانە لە ناوەندە پەروەردەیی و ئەکادیمییەکان لەم بۆنە و ئاهەنگانەدا ئامادەدەبێت، ئەمیش بە مەبەستی دوو شت، یەکێکیان: بەشکردنی ئەو خۆشییە لەگەڵ دەرچوان و ماڵباتیان و بەشداریکردنی و هەستدەربڕینی خۆشییە بەم سەرکەوتنانە گەروەییەی تۆمارییانکردووە، بەم بڕوانامەیەی بەدەستیان هێناوە، ئەوەی دیکەیان؛ پێدانی پەیامێکە بۆیان: کە ئەمیش دوو لایەن لەخۆی دەگرێت: لایەنێکیان بەجێهێنانی کۆمەڵێک خواست و ویست و هێنانەدی هیوا و ئومێدی دەرچوانە بە ڕەخساندنی دەرفەتی کار و دامەزراندن و درێژەدان بە خوێندنی باڵا، لایەنەکەی دیکەیان ئاگادارکردنەوەیانە لە هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی و خزمەتکردن و دڵسۆزییان لە ڕاپەڕاندنی کارەکانییان لە داهاتوو، چونکە هەر ئەوانن/ دەرچوانن دەبنە هێزی کاری وڵات و ڕووی گەش و دیاری پێشکەوتنی وڵات، بۆیە هەڵگرتنی ئەم بەرپرسیاریەتییە لە ئەستۆی ئەواندایە، لەم سۆنگەیەوە شرۆڤەکردنی ئەم گوتارە دەکەوێتە بواری گوتاری پەروەردەیی، بەڵام دەشێت ببەسترێتەوە بە بابەتەکانی دیکەی ڕۆژ و پێشهاتەکانی وڵات.

### 2.4.1. شرۆڤەی ئەم گوتارەش بەم شێوەیەیە:
**1/ تێگەیشتن لە گوتارەکە:**
گوتارەکە لەلایەن (سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان) (مەسرور بارزانی)ەوە پێشکەش کراوە و باس لە چەندین بابەتی گرنگ دەکات، وەک:
– ڕۆڵی زانکۆ و پەروەردە: گوتارەکە باس لە گرنگی زانکۆ و پەروەردە دەکات و دەڵێت کە پێویستە سیستەمی پەروەردە بەرەو پێش بچێت.

[4] https://www.youtube.com/live/pX1Thx8glcA?si=Scp-ILMUNkICkiAL

– پیرۆزبایی لە قوتابییە دەرچووەکان: گوتارەکە بە شێوەیەکی گەرم و پڕ هەست پیرۆزبایی بۆ قوتابییە دەرچووەکانی زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر.
– سەرکەوتن و هیوا: سەرۆک هیوای سەرکەوتنی قوتابییەکان دەخوازێت و دەڵێت؛ کە ئەوان دەبنە دەستێکی بەهێز بۆ پێشکەوتنی کوردستان.
– نیشتیمانپەروەری: سەرۆک دەڵێت: پێویستە قوتابییەکان نیشتیمانپەروەر و مرۆڤدۆست بن، لەو ئەرکەی لە داهاتوو پێیان دەسپێردرێت، دەبێت ببنە هێزێک بۆ پێشکەوتنی کوردستان.

**2/ شرۆڤەی پێکهاتەی گوتارەکە:**

لە دیدگەی پێکهاتە سەرەکییەکانی گوتاردا، ئەم گوتارە بەم شێوەیە پێکهاتووە:

1. پێشەکی:

لە سەرەتای گوتارەکەدا (سەرۆکی حکومەت) بە شێوەیەکی گەرم و گوڕ خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرانبەر ئەو سەرکەوتنەی بەدەستیان هێناوە، دواتر پیرۆزبایی لە قوتابییە دەرچووەکان کرد.

2. کرۆکی گوتار:

لەم بەشەدا (سەرۆکی حکومەت) باس لە گرنگی بواری پەروەردە و زانکۆ دەکات، کە ڕۆڵی سەرەکی لەسەر تەواوی بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی وڵات هەیە، بۆیە دەڵێت کە پێویستە سیستەمی پەروەردە و خوێندن بەرەو پێش بچێت، هەر لەوێش بەشێک هەوڵ و کارەکانی ئەم کابینەیە بۆ ئەم کەرتە دەخاتەڕوو.

3. کۆتایی:

لە بەشی کۆتایی گوتارەکەدا بەڵێنی دووباتکردنەوەی گرنگی زیاتر بەم کەرتە و هەوڵی ڕەخساندنی دەرفەتی کار لە بۆ دەرچوان و بەشدارییپێکردنییان لە پرسە چارەنووس سازەکاندا دەدات.

**3/ شێواز و زمان و تەکنیکەکانی گوتارەکە:**

هەڵبەتە زمان و شێوازی بەکاربردن یەکێکە لەو لایەنانەی، کە گرنگی تایبەتی لە گوتاردا هەیە، ئەمیش بە مەبەستی کاریگەریی و خۆ نزیکردنەوە لە ئامادەبوان، بۆیە شێوازی زمانی ئەم گوتارە بەم شێوەیەیە:

شێواز و زمانی گوتارەکە: بەگشتی زمانی گوتارەکە زمانێکی فەرمیی و پڕ هەستە، شێوازێکی ڕوون و ڕەوانە و نەم و نیانی پێوە دیارە، گوتارێکە پڕ لە هیوا و ئومێدە.

تەکنیکەکانی گوتارەکە: بۆ گەیاندنی پەیامی گوتارەکە تەکنیکی چیرۆکگێڕانەوە و هاندان بەکارهێنراوە.

**4/ ناوەرۆکی گوتارەکە:**

– بیرۆکە سەرەکییەکان: گرنگی زانکۆ و پەروەردە، نیشتیمانپەروەری، دواڕۆژێکی باشتر.
– بەڵگەکان: سەرۆکی حکومەت بەڵگەی زۆری بەکارهێناوە بۆ پشتگیریکردن لە بیرۆکەکانی، وەک: ئەوەی کە زانکۆی سەلاحەددین، بە زانکۆی دایک و کۆنترین زانکۆ باسدەکات، کە تاکو ئێستا چەندین خولی دەرچوونی هەبووە و چەندان گەنجی پێگەیاندووە، کە ئێستا لە بوارە جیاوازەکانی کوردستان خزمەت دەکەن، بۆیە زانکۆ بە شوێنکی گرنگی خود پەروەرکردن دادەنێت و بەڵێنی هاوکاری و هەماهەنگی کردن دەدات.

**5/ کاریگەری گوتارەکە**

بە ئومێد ڕوانیین لەم پرۆسەیە و پێدانی هیوا بە گەنجامی دەرچوو و ماڵباتیان، کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر ئامادەبوان دروستکردووە، هەموویان بە چەپڵە ڕێزان پێشوازی لە گوتارەکە دەدەکەن و بەچاوێکی پڕ هیواوە بەدەم یەکەوە پێدەکەن، بەمەش گوتارەکە توانیوویەتی هەست و سۆزێکی گەرم و پڕ هیوا لە دڵی دەرچوان و ماڵباتیان دروستبکات.

**6/ زمانی جەستە لە گوتارەکە:**

وەکو گوترا زمانی جەستە ڕۆڵێکی گرنگ و گەورەی هەیە لە گوتاردا، کە هەندێکجار کاریگەرییەکەی لە ئاخاوتنەکە زیاترە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بوار و ناوەڕۆکی گوتار و چۆنییەتی گەیاندنی پەیامەکە هاوسان دەبێت بە بە کارهێنانی زمانی

جەستە.

لەم ڕوانگەیەوە گوتارەکەی (سەرۆکی حکومەت)، کە لەبارەی زانکۆ و پەروەردەیە و پەیامی ئویدبەخشی تێدایە، ئەمەش ڕاستەوخۆ لەگەڵ شێوازی زمانی جەستە و بەکارهێنانییدا یەکانگیرە، لێرەدا چەند نموونەیەک لە کاریگەری زمانی جەستە لەم گوتارەدا دەخەینەڕوو:

1. تەماشاکردن و جوڵاندنی چاو:

لە گوتارەکەدا، سەرۆک بە شێوەیەکی گەرم و پڕ هەست و وزەی ئەرێنی دەئاخڤێت، بۆیە هەر لە هاتنەسەر سەکۆی قسەکردن، سەیری هەموو لایەک دەکات و چاوەکانی بە تەواوی ئاراستەکانی بەردەمی دەگێڕێت و لە ئامادەبوان دەڕوانێت، ئەمەش هاوسانە لەگەڵ ئاخاوتنیدا، بۆ نموونە، کاتێک دەڵێت: "زۆر خۆشحاڵم ئەمڕۆکە لەگەڵ ئێوە لەم بۆنەیەدا بەشدارم لە پایتەختی هەرێمی کوردستان"، ئەمە نیشانەیەکی ڕوونە، کە سەرۆک لەکاتی ئەم دەربڕینەدا بەچاوێکی ئومێدبەخش و پڕ هیوا و خۆشییەوە لە دەرچوان دەڕوانێت.




وێنەی ٢

بەکارهێنانی زمانی جەستە لە لایەن (سەرۆکی حکومەتی هەرێم)، لە ئاهەنگی دەرچووانی قوتابییانی زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر (خولی 42/ زانست، داهێنان و بنیادنان)

2. جووڵەی دەست:

سەرۆک بە شێوەیەکی گەرم و پڕ هەست قسە دەکات و ئەمە دەردەکەوێت لە ڕێگەی وشەکانەوە. بۆ نموونە، کاتێک دەڵێت: "دەستخۆشیی لە دایک و باب و کەس و کارتان دەکەم و پیرۆزباییان لێدەکەم"(بارزانی، ١١/2024/10)، ئەمە نیشانەیەکی ڕوونە، کە سەرۆک دەستی درێژ دەکات بۆ دەستخۆشی کردن لە دایک و باوکەکان.

3. شێوازی وەستان:

بەگشتی بە درێژایی تەواوی گوتارەکە، سەرۆک بە شێوەیەکی ڕێک وەستاوە و بەوپەڕی متمانە و باوەڕبەخۆبوونە قسە دەکات، ئەمەش نیشانەیەکی دیاری جێگری باری تەندروستی و دەروونیی دەردەخات.

4. خەندەکردن:

لەم بۆنە پڕ خۆشییەدا، سەرۆکی حکومەت بەو پەڕی خۆشحاڵی و هیواوە، بە شێوەیەکی گەرم و پڕ هەست قسە دەکات، بۆ نموونە کاتێک دەڵێت: "هیوادارم زانکۆی سەڵاحەددین، لە ئەرک و پەیامی ئەکادیمی و زانستی خۆی بەردەوام بێت و

سەرکەوتووتر ببینم" (بارزانی، ١١ /2024/10)، یان دەڵێت: "حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرنگی سەرەکی بە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە دەدات" (بارزانی، ٢٠٢٤/١٠/١١)، ئەمان نیشانەیەکی ڕوونن، بۆ دەربڕینی ئەو هەستەی لە ناخییدایە، بەمەش کاریگەری زیاتر دەخاتە سەر دەروونی دەرچوان، تا چێژ لەو ساتە وەربگرن و زیاتر و بۆ پێشکەوتنی ئەم بوارە هانبدرێن.

## 4. ئەنجـــــام:

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا، بەم ئەنجامانە گەیشتین:

1. (مەسرور بارزانی: سەرۆکی حکومەتی هەرێم) کارەکتەر و کەسایەتییەکی بەهێزی ناو دونیای سیاسەتە، خاوەن ڕوانگە و جیهانبینیەکی فراوان و سەردەمیانەیە، بڕوای بەهێزی بە دۆزی ڕەوای گەلەکەی هەیە، بۆیە بە وریایی بەرەو ئاسۆیەکی گەش و دوا ڕۆژێکی ڕوون بۆ گەلەکەی هەنگاو دەنێت.
2. گوتارەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە فرە جۆر و ڕەهەندن، ئەمەش بۆ پێگە یاسایی و سیاسییەکەی دەگەڕێتەوە لەناو کۆمەڵگە.
3. گوتارەکانی ئامانج و مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە، زیاتر لە بواری هاندان و پێشکەوتن و پێخستنی کەرتی (ئابووری، پەروەردە، چاکسازی، دەوڵەتداری،...)ین.
4. بەگشتی گوتارەکانی لە نێوان (5- 15) خولەک دان، بە پێکهاتە سەرەکییەکانی گوتار پێگیرە.
5. ئەگەرچی خۆئامادەکردنێکی پێشوەختە بە گوتارەکاندا دیارە، بەڵام زۆر خۆی بە خوێندنەوەی وتار نابەستێتەوە و هەوڵدەدات پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زمانی جەستە (چاوەکان/ تەماشاکردن) لەگەڵ گوێگران ببەستێت، ئەمەش بۆ ئەوەی گوتارەکەی گەرم و گوڕتر بگات و جۆش و خرۆشی زیاتر بداتە دڵی گوێگران، هەر ئەمەش وایکردووە: گوتارەکانی سەرنجڕاکێشتر و کاریگەتر بن.
6. بەهۆی کاریزماییەکە و شێوازە تایبەتەکەی لە پێشکەشکردنی گوتاردا، بڕوا بەخۆبوون و هێزو ئیرادە دەداتە بەرانبەرەکەی.
7. زمانێکی ڕوون و ڕەوان و ڕاشکاو لە گوتارەکاندا بەدیدەکرێت، بەمەش وەرگران لە لێکدانەوە و ڕاڤەی جیاواز دووردەخاتەوە و هەموو کەس لە هەرچینێکدا بێت، بە ئاسانی تێیدەگات، ئەمەش بە مەبەستی زۆرترین کاریگەریی و کاردانەوەی بۆ پەیامەکەیەتی.
8. بەگشتی گوتارەکانی نەرم و پڕ سۆزن، کە گوێگران لە پاڵییدا هەست بە ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی دەکەن، بەڵام لە هەندێک لە گوتارەکانی، کە دژی زوڵم و زۆرداری (دەرەکی، ناوەخۆ) لە هاونیشتمانییان و وڵاتن،...تاد، ڕژد و تۆندن.

## 5. ســـــەرچاوەکان:


**یەکەم: پەرتووک:**

1: بە زمانی کوردی:

– پیز، ئالن (2014)، زمانی جەستە، و: سەلاح سەعدی، چ. 1، چاپخانەی نارین، هەولێر.

– حسەین، عەلی تاهیر (2008)، ڕەخنەی بونیاتگەری (تێور بۆ پراکتیکردن)، چ. 1، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

– دزەیی، عەبدولواحید مشیر (2014)، پراگماتیکی دەق و گوتار، چ. 1، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

– سورخی، ڕەحیم قادر (2013)، شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی گوتاری ڕۆژنامەنووسی کوردی، چ. 1، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

– محەمەد، عەبدولقادر حەمەئەمین (2008)، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، چ. 1، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

2: بە زمانی عەرەبی:

– أوشان، على أيت (2000)، السياق و النص الشعري من البنية الى القراءة، ط.1، الدار البيضاء. ليبيا.

– باختين، ميخائيل (2009)، خطاب الروائي، ت: محمد برادة، ط.1، رؤية للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر.

– بن عبدالكريم، جمعان (2016)، من تحليل الخطاب الى تحليل الخطاب النقدي مناهج و نظريات، ط1، دار كنوز، عمان، الأردن.

- بوحوش، رابح (2009)، اللسانيات والتحليل النصوص، ط. 2، عالم الكتب الحديث، اربد.
- تودوروف، تزفتيان (1982)، نظرية منهج شكلي– نصوص الشكلانيون الروس، ت: إبراهيم الخطيب، ط.1، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت.
- حبيلة، الشريف (2010) ، بنية الخطاب الروائي، دراسة في رواية نجيب الكيلاني، ط 1، عالم الكتب الحديث،
- الحميري، عبدالواسع (2008)، الخطاب و النص "المفهوم، العلاقة، السلطة"، ط. 1، مؤسسة الجامعية للدراسات، بيروت.
- الحوفي، احمد محمد (2003)، فن الخطابة، ط. 1، دار نهضة مصر للطباعة والنشر.
- الخولي، محمد علي (1982)، معجم علم اللغة النظري،ط. 1، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.
- وهبة، مجدي (2008)، كامل المهندس، معجم المصطلحات العربية في اللغة والادب، ط.1، لبنان.
- الدجني، يحيى (2024)، فن الخطابة والإلقاء بين النظرية والتطبيق .
- الزمخشري، جارالله (1998)، أساس البلاغة، ط. 1، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.
- شرشار، عبدالقادر (2006)، تحليل الخطاب الادبي و قضايا النص، ط. 1، دمشق، الاردن.
- الشهدى، عبدالهادى بن ظافر (2004)، استراتيجيات الخطاب – مقاربة لغوية تداولية، ط. 1،: دار الكتاب الجديد المتحده، بيروت.
- صمود، حمادي (2008)، مقالات في تحليل الخطاب، ط. 1، منشورات كلية الاداب والفنون و الانسانيات، جامعة منبوية.
- عكاشة، محمود (2016)، الخطاب الاعلامي واثره في هوية الامة والواقع السياسي، ط.1، دار النشر الجامعات، القاهرة.
- فوكو، ميشيل (2007) ، نظام الخطاب، ت: محمد سبيلا، ط.1، دار التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.
- كارنيجي، ديل (2012)، فن الخطابة (دليلك العملي لمواجهة الجماهير واكتساب الثقة بالنفس)، ط. 1، دار أجيال للنشر والتوزيع.
- ميرغني، هاشم (2008) بنية الخطاب السردي في القصة القصيرة، ط. 1، شركة مطابع السودان العملة المحدودة، سودان.
- نعيم، أنطوان وحيد ( 2011)، فن الخطابة والإلقاء، ط. 1، دار الكتاب العربي.
- ياكوبسن، رومان (1988)، قضايا الشعرية، ت: محمد الولي و مبارك حنون، ط. 1، دار توبقال للنشر– الدار البيضاء، الأردن.
- يقطين، سعيد (1997)، تحليل الخطاب الروائي، ط. 3، المركز الثقافي العربي، بيروت.

3: به زمانی ئینگلیزی:

- Crystal, Devid (2003), A Dictionary of Linguistics and phonetics oxford: Black well. https://books.google.iq/books?hl=ar&lr=&id=3ZPQVuSgDAkC&oi=fnd&pg=PR6&dq=+Crystal,+Devid+(2003),+A+Dictionary+of+Linguistics+and+phonetics+oxford:+Black+well.&ots=ZbGB
- Angenot, Marc (2004), Social Discourse Analysis, The Yale Journal of Criticism. https://irbe.library.vanderbilt.edu/server/api/core/bitstreams/74877ea3-60ed-45a4-8dd9-efc0ecd56c6e/content
- O'Keeffe, Anne (2011), Media and Discourse Analysis (Book Chapter). https://www.taylorfrancis.com/chapters/edit/10.4324/9780203809068-37/media-discourse-analysis-anne-keeffe
- Van Dijk, Teun A. (2020) "What is Political Discourse Analysis?" https://el.unifi.it/pluginfile.php/909651/mod_resource/content/1/Van%20Dijk%20Waht%20is%20political%20discourse%20analysis.pdf

**دووەم: نامە ئەکادیمییەکان:**

بە زمانی کوردی:

- ئەحمەد، کەلسوم خالید (2023)، شیکردنەوەی پراگماتیکی لە دەقی شانۆییدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.
- ئیبراهیم، فوئاد جاسم (2020)، شیکردنەوەی ستراتیژییەتی گوتار- گوتارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعود بارزانی)- (ڕیفراندۆمی سەربەخۆی بە نموونە)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.
- حەجی، ژڤان نەعمان (2008)، هونەرێ گوتارێ د ڕۆژنامەگەرییا کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی دهۆک.
- حمەدئەمین، بەیان مەلا (2013)، ڕێبازی ئەرکی و شیکردنەوەی دەق- بۆچوونەکانی (دیل هایمز) بە نموونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.
- خضر، کامەران ئەبابەکر(2016)، شێوازی شیعری هاوچەرخی کوردی لە باشوری کوردستان- کرمانجی ناوەڕاست (لە سالانی 1980-1991)دا، نامەی ماستەر، فاکەلتی پەروەردەی قەلادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین.
- ڕەسول، بابارەسول نوری (2013)، شیکردنەوەی دەق، تێزی دکتۆرا، فاکەلتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
- سەعید، ناز ئەکرەم (2013)، کردە قسەییەکان (هێورکردنەوە لە دەربڕیندا)، نامەی ماستەر، سکولی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- سورخی، ڕەحیم قادر (2005)، ڕۆلی واتا لە پرۆسێسی پێوەندییە گشتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

– صالح، پەروەر عبدولڕەحمان (2013) هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پراگماتیک- (زمانی بواری پزیشکی بە نموونە)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

– عەبدوڵڵا، عەدنان مەهدی (2017)، گوتارا جڤاکی د گۆتنێن مەزناندا- (دەڤەرا بەهدینان وەکو نموونە) ، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی دهۆک.

– عەبدوڵڵا، عەدنان مەهدی (2017)، گوتارا جڤاکی د گۆتنێن مەزناندا-(دەڤەرا بەهدینان) وەکو نموونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی دهۆک.

– محەمەد، میران جەلال (2014)، گوتار لە ڕۆمانی کوردیدا- باشووری کوردستان (1975- 2000)، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتی زانستە مرۆییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

– معین، سازان ڕەزا (2005) واتا و دەوروبەر توێژینەوەیەکی پراگماتیکییە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

**سێیەم: گۆڤارەکان:**

1: بەزمانی کوردی:

-حەمەد؛ عەبدوڵڵا، دەریا سابیر؛ ڕۆژان نوری (2020)، شیکردنەوەی پراگماتیکی چەند دەقێکی شیعری فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ. 3، کەلار.

-شوان، ئیبراهیم ئەحمەد (2008)، ڕەمز لە شیعرە کوردیەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا، گ. زانکۆی سەلاحەدین، ژ. 34، هەولێر.

-عەزیز؛ کەمال، سروە فیصل؛ دیار عەلی (2022)، شیکردنەوەی وەسفیی گوتاری سیاسیی کوردی –گوتاری ڕیفراندۆم بە نموونە-، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، بەرگی 26، ژمارە 4.

– https://doi.org/10.21271/zjhs.26.4.15

-محەمەد، بەهار زایر (2016) ستراتیژییەتی گوتار لە دوو چامەکەی (نالی) و (سالم)دا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ. 36، هەولێر.

2: بە زمانی ئینگلیزی:

- Manoliu, Marius Narcis (2015), Educational Discourse Analysis, Cultural and Linguistic Communication, Volume (5), Issue(3), July/ September. https://www.ijcr.eu/articole/263_09%20MANOLIU.pdf
- Ruiz, JorgeRuiz (2009), Sociological discourse analysis: Methods and logic". Forum: Qualitative Social Research. 10 (2): Article. https://doi.org/10.17169/fqs-10.2.1298
- Saeed; Omar, Binin Mustafa: Rozgar Yousif (2024), Linguistic Analysis of Unplanned Discourse in David Sedaris “Calypso”, Zanco Journal of Human Science, Salahaddin University-Erbil, Vol.28 Issue 1. https://doi.org/10.21271/zjhs.28.1.13
- Van Dijk, T. A. (1993) Principles of critical discourse analysis, sage journals, Volume 4, Issue 2. https://doi.org/10.1177/0957926593004002006

**چوارەم: پێگە ئەلیکرۆنییەکان (سایت و کەناڵ):**

- ژیاننامەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان- کابینەی (9)/( مەسرور بارزانی):
- https://gov.krd/government/the-prime-minister
- بارزانی، مەسرور (2024/10/١١)، ئاهەنگی دەرچوونی قوتابییانی زانکۆی سەلاحەدیین- هەولێر- (خولی 42/ زانست، داهێنان و بنیادنان)، یاریگای شەهید فەرەنسۆ هەریری- هەولێر.
- https://www.youtube.com/live/pX1Thx8glcA?si=Scp-ILMUNkICkiAL
- بارزانی، مەسرور (2020/11/2)، دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی بەبازارکردنی گەنمی جووتیاران) لە پارێزگای هەولێر.
- https://www.youtube.com/watch?v=qHxZ4-RNj58
- https://www.kurdistan24.net/ckb/story/87113
- بارزانی، مەسرور (2024/9/4)، ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی (یەکەمین ڕاپۆرتی ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە کەرتی گشتیی) کە لەلایەن (دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان) ئامادەکرابوو، هەولێر.
- https://www.ava.news/news/12655
- https://gov.krd/government/the-prime-minister/activities/posts/2024/september/%
- بارزانی، مەسرور (2022/ 3/3)، کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی- باسکردن لە دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و بریاری دادگای باڵای فیدراڵی و مافە دەستوورییەکانی هەرێم و دوایین گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە، هەولێر.
- https://www.youtube.com/watch?v=tXhUmi0_x_o
- https://gov.krd/government/the-prime-minister/activities/posts/2022/march/%D%8B%3DB9%

**الأسلوب وتقنيات ومبادئ الخطاب**

**خطابات رئيس وزراء حكومة إقليم كردستان في الحكومة التاسعة نموذجا**

**كامـران ابابكر خضر خوشــناو**
قسم الكيمياء الحيوية السريرية ، كلية العلوم الصحية، جامعة أربيل الطبية– أربيل
kamaran.khudhir@hmu.edu.krd

**لقمان قادر عبدالرحمان رواندزى**
قسم العلاج الطبيعية، كلية العلوم الصحية، جامعة أربيل الطبية– أربيل.
luqman.qader@hmu.edu.krd

**الملخص:**
الخطاب كأي نوع أدبي آخر له أفكاره ومبادئه وأساليبه الخاصة، وهو مجال حساس ومؤثر في توجيه وإظهار مسار أي مجتمع، وقد تم توفير التوجيه للآخرين، مما أبقى هذا النوع حيا وانتشر في جميع مجالات الحياة، وهناك، وبسبب تقدم الحكمة شهد تقدما كبيرا، ظهرت أساليب وتقنيات مختلفة للعرض، ومن هذا المنظور ظهرت بعض خطابات رئيس وزراء حكومة إقليم كردستان. والذي قدمه في مجلس الوزراء (9)، لذلك يتكون البحث من قسمين رئيسيين، القسم الأول نظري؛ وهو مخصص لمناقشة مفهوم الخطاب وتعريفه، ومبادئ وبنية الخطاب والمتكلم وخصائصه، ودور لغة الجسد في الخطاب ونحن أكثر في مجال تشجيع وتطوير وتنمية القطاع (الاقتصاد، التعليم، الإصلاح، الدولة، ... إلخ)، ويمكن رؤية لغة واضحة في الخطب يشعر المستمعون بالسلام والأمن والرفاهية في البالية.

**الكلمات المفتاحية:** الخطاب، الأسلوب، رئيس وزراء كردستان، الخطاب السياسي، الخطاب التربوي.

## Style, Techniques and Principles of discourse
## Discourses of the Prime Minister of the Kurdistan Regional Government in the Ninth Government as an example

**Kamaran Aba-bakr Khudhur Khoshnaw**
Department of Clinical Biochemistry, College of Health Sciences, Erbil Medical University- Erbil
kamaran.khudhir@hmu.edu.krd

**Luqman Qader Abdul-Rahman Rwandzy**
Department of Physiotherapy, College of Health Sciences, Erbil Medical University- Erbil
luqman.qader@hmu.edu.krd

**Abstract**
Discourse, like any other genre of literature, has its own ideas, principles and styles. It is a sensitive and influential field in directing and showing the course of any society the direction of others has been provided, which has kept the genre alive and spread to all areas of life. There, due to the progress of wisdom has seen significant progress, various methods and techniques for presenting emerged, from this perspective, some of the speeches of the Prime Minister of the Kurdistan Regional Government, which he presented in the cabinet (9), Therefore, the research consists of two main parts. The first part is theoretical; It is dedicated to discussing the concept and definition of discourse, principles and structure of discourse and speaker and its characteristics, the role of body language in speech We are more in the field of encouragement, development and development of the sector (economy, education, reform, statehood, etc...). A clear language can be seen in the speeches Listeners feel peace, security and well-being in Pali.
**Keywords**: Discourse, Style, Prime Minister of Kurdistan, Political discourse and educational discourse.